YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی


ژمارەی ٥٥ی کانونی یەکەم ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.55.December2023

## بە دەنگدان لە ناوچە دابڕێنراوەکان ئەو دەرگایانە دادەخەین کە نەیارەکانمان لێوەی دێنە نیشتمانمانەوە

یادنامە

نیشتمان موڵکی گشتیە و هەمومان وەک دایک هەژماری دەکەین ، نیشتمان هی نوخبەیەکی دەستەڵات نیە ، گەر وا وێنای بکەین کە نیشتمان هی حیزبە کوردییەکانە وەک ئەوە وایە ماڵەکانمان ، کۆڵانەکانمان ، شەقامەکانمان ، شارەکەمان ، خاک و ئاومان دابێ بە نوخبەیەکی حیزبی ، نابێ لەبەر ئەوەی فلان بەرپرس ، فلان حیزب گەندەڵە ئێمە پشت بکەینە نیشتمان ، دواجار ئێمە باجی نیشتمانی دایک دەدەین ، دواجار هەر ئێمە دەبینە قوربانی و دەربەدەر دەبین ، ئەم دەنگدانە ئەگەر چی بە ناچاری دەنگ بەوانە دەدەین کە دڵخوازی ئێمە نین ، پڕین لە گلەیی لێیان ، بەڵام هێشتا لەوە باشترە خراپتری بکەین و دەنگ نەدەین ، بەڵێ دەزانین ساڵانێکە سەرانی حیزبی کوردی غەدرمان لێدەکەن ،بەڵام هێشتا گرنگە دەنگ بە گۆشت و خوێنی خۆمان بدەین ئەگەر چی نەخۆشیش بێ ، دواجار دەنگدانمان ئەو دەرگایانە دادەخات کە بە درێژایی مێژوو دوژمن لێوەی هاتوەتە نێو ماڵەکەمان ، دەنگدانمان هێندە دەنگدانە بە نیشتمان هێندە ئارەزوکردن نیە بۆ فلان حیزب و فلان بەرپرس ، دەنگدانمان هەقێکی خوێنی شەهیدانە لەلامان ، دەنگدان ئەرکێکی نیشتمانیە و زۆر باڵاترە لە حیزب و کەسایەتی ، دەنگدانمان ڕێزگرتنە لە دایک، لە کورد بون ، دەنگدانمان ئەو ڕێگایانە کوێر دەکاتەوە کە دوژمن دێنێتە ناو قەڵاکەمانەوە ، دەنگدانمان دەنگدانە بە خاکی داگیرکراومان و گوڵگەنمی تەعریب کراو ، دەنگدانمان هەڵوەشانەوەی تەونی جاڵجاڵۆکەیی تعریب و تەرحیلە .

نیشمان هی خەڵکە نەک حیزب ، پاراستنی نیشتمان لێپرسراویەتی خەڵکە و داخستنی دەرگای هاتنە ژورەوەی دوژمنە ، دەنگدانمان شورایەکە بۆ نیشتمان ، بە دەنگدانمان دەیسەلمێنین کە ژمارەمان چەندە ، هێندە بیروباوەڕی نیشتمانیمان بەرزە و دەتوانین شورایەک بە دەوری نیشتماندا هەڵچنین ، وەک ستافی یادنامە داواکارین لە هەمو دەنگدەرانی ناوچە دابڕێنراوەکان بچن بۆ دەنگدان و بە دەنگتان مۆری تاپۆی کوردبون بدەن لە بەڵگەنامە جیهانیەکان و بیسەلمێنن کە ناهێڵن گلەیی و ڕەخنەکانتان لە حیزب و بەرپرس بکرێتە درزێک و دوژمن لێوەی بێتە ژورێ ، ئەو دەرگایانە داخەن کە نەیارەکانمان لێوەی دێنە ژورێ ،بچن دەنگ بدەن تا سەربەستی و
کوردبون بنوسنەوە.



## شەوی یەڵدا ، شەوچلە
## "حەزرەتی نالی"

شەوی یەلدایە دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
دڵم وەک حاکمی مەعزووڵە قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە
لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
کە تۆی شای کەجکولاهی دیدەمەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو
لە خەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو؟
سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
کە جێم سەر دارەکەی"مەنسوور"ە ئەمشەو
موسوڵمانان دەپرسن حاڵی(نالی)
لە کونجی بێ کەسی مەهجوورە ئەمشەو




کات لە سەر کەسمان ناوەستێت ... ل٢
پریانشی سۆمانی پاڵەوانی جیهانی لەبیرکاریدا ... ل٣
لاساییکردنەوە، تێکچوونی میزاجی کوردەواری ... ل٥
مانفێستی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت ... ل٦
مانگ ... ل٧
سۆکراتی فەیلەسووف دەڵێت قسە بکە بۆئەوەی بتبینم ... ل٩
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٠
ئەمڕۆ لەمێژوودا ... ل١٢
خالید ڕەشید ... ل١٣
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٤
دادگای فیدراڵی بۆچی ئامادە دەکرێت ... ل١٦
سروودی ئاڵا ... ل١٧
شەوی یەڵدا ... ل١٨
شەوی چلە ... ل١٩

# کات لە سەر کەسمان ناوەستێت



بەدرێژایی مێژوو کورد دەرفەتی وا زێڕینی بۆ فەراهم نەبوە ، ئێمە ئەگەر یەکێتی ناوەکی خۆمان لەسەر بنەمای ستراتیژی نیشتمانی بەهێز بکەین ، نەک ئێمە لەسەرەتای کەوتندا نین ، بەڵکو لەسەرەتای دەرکەوتنێکی جیهانی بەهێزداین ، کورد لەناو قەڵایەکدا دیل کرا بو لەدەرەوەی ئەم قەڵایە کە وەک زیندانیکردنی نەتەوەیەک وا بو نە کەس گوێبیستی هاوارەکانمان بو نەکەس بەدەم خوێنی بەفیڕۆچومانی دەزانی ، سەدان کۆمەڵ کوژی و ئەنفال و هەڵەبجەمان بە سەرهاتوە ، سەدان شۆڕشمان کرد و سەدان سەرکردەمان لە دەست دا، مێژومان پڕە لە بەرخودان و قوربانی و هەڵسان و کەوتن ، هیچ کات وەک ئێستا نەبوینەتە ژمارەیەکی حساب بۆکراو لەناو هاوکێشەی جیهانی و ناوچەییدا ، گەردەلولی بیابان و بەهاری عەرەبی ئەو دوو دەروازە و دەرگایە بو کە بە ڕوی ئێمەدا کرایەوە ، دوو دەرگا بو ئێمەی لە زیندانێکەوە هێنایە سەر مێزی گفتوگۆی وڵاتان ، ئێمەی لە نادیارەوە کردە دیارێکی چالاک ، ئێمە هێشتا نەکەوتوین گەر خۆمان بە خەنجەری ژەهراوی نەکەوینە جەستەی خۆمان ، دوو ڕوداو لە باشور و ڕۆژئاوا دوو قۆناغ و دوو دەروازەی گرنگە لەبەردەماندا ، دەرفەتێکی نێودەوڵەتی دروست بوە بۆمان تا بتوانین بڵێن بەڵێ ئێمە کوردین و نیشتیمانمان هەیە و خاوەنی شارستانیەتی مێژویی و فەرهەنگی گەورەین .

ئەزمونی ڕۆژئاوا و باشور ئەو دوو سەنتەری هێزەن کە هێز دەبەخشن بە باکور و ڕۆژهەڵات و کوردانی تاراوگە ، چەند ئەزمونی باشور و ڕۆژئاوا بەهێز بێ هێندە کوردانی تر لەهەر کۆییەکی دنیادا بن بەهێزتر دەبن ، چەند ئێمە لاواز بین کوردانی هەمو دنیا لاواز دەبن ، ئێمە لەبەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژویی و شانسێکی سیاسی و سەربازی و ئابوری و فەرهەنگیداین ، بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و مێژویی و نیشتمانی پێمان دەڵێ نێوماڵی خۆمان یەک بخەین ، واز لە تەخوینکردن و پاشکۆیەتی و براکوژی یەکتر بهێنن و خۆمان ئامادە بکەین بۆ گۆڕانە یەک لەدوای یەکەکانی دنیا ، با نیشتمانیانە یەکترمان خۆش بوێ و با ئاگامان لە ئەخلاقی بەرپرسیاریەتی خۆمان بێ ، مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات ، هیوادارم نیشتمان لە دڵماندا بێت نەک گیرفانمان ، دوا قسەم نیشتمان ماڵە گەورەی هەموانە بۆفرۆشتن نیە بۆ پیرۆزکردنە ، با پەند و عیبرەت لە مێژومان وەرگرین.

**سەرکەوتی جیهاز**
**٢ی١٢ی٢٠٢٣**



# زێڕینای ئامێدی
## و یەکێتی خاکی کوردان
## ن: ڕاز ئەسعەد



لە دێر زەمانەوە هەمیشە ژنان لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕۆڵ و پێگەی جیاواز و تایبەتیان هەبووە، ئەگەر مێژوو نادادیان لەگەڵدا نەکات، بە ئاشکرا دیارە کە ژنان لەڕووی دادگەریی و یەکسانی حوکمڕانییەوە، لە هەموو سەردەمەکاندا جێدەستی خۆیان وەک مۆرکێکی نەسڕدراوە لەسەر تەوێڵی تۆمارە مێژووییەکان نەخشاندووە.

یەکێک لە چیرۆکەکانی بەهەشتیی میرزا مەنگوڕی تەرخانە بۆ ژیان و بەسەرهاتی ژنێکی قارەمانی کورد، کە بۆ من زۆر جێگای سەرنج بوو، چونکە مەنگوڕی زۆر دڵنیایە لە ڕاستی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە و ئاماژەی تەواو دەدات کە سەرلەبەری ڕاستەقینەیە و لە سەردەمە کۆنەکاندا ڕوویداوە.

(زێڕینای ئامێدی) چیرۆکی ئەو قارەمانە کوردەیە، کە نموونەی ژنێکی سەرکردە و ڕابەر بەتواناییانەیە و لە مێژووی کورددا ڕۆڵیکی بێوێنە و بەرچاوی بینیوە، (5000) ساڵ بەر لە ئێستا لە کوردستانی گەورەدا فەرمانڕەوایی کردووە، مەنگوڕی لەساڵی 1971 ئەم چیرۆکەی نووسیوەتەوە و لە فەوتان پاراستویەتی و لە دووتوێی کتێبێکی (53) لاپەڕەییدا چاپ و بڵاویکردۆتەوە، بۆ ئێستاش بێسڵەمینەوە کەرەستەی فیلم یان درامایەکی دوورودرێژە و بابەتێکی ئارکۆلۆجی زۆر گرنگە و پێویستی بە کنە و پشکنینە.

(زێڕینای ئامێدی) جوانترین و زاناترین کچی سەردەمەکی خۆی بووە کچی شێرۆخانی ئەمیری ئامێدی بووە (١). ئەمیرخان عاشقی بووە، بەڵام وەڵامی زێرینا بۆ ئەمیرخان وەڵامێکی مەرجدارانە و فیداکارانە بووە بۆ خاک و نیشتمانەکەی و پێیدەڵێت: "ئەمیرخان تۆ حەز لە پەرستنی نیشتمان دەکەیت، هیوام وایە وەک ئەو میرە کوردانە نەبیت کە هەریەکەیان لەلایەک بوون بە نۆکەری بێگانە و سەریان بۆ بێگانە شۆڕکردووە، من وام بڕیارداوە هەتا ئاواتەکانی خۆم نەهێنمە دی هاوسەرگیری نەکەم، چونکە هاوسەرگیری بە شتی دووهەم دەزانم، من جارێ دەمەوێت هەموو چین و لکەکانی کوردنشین بەیەکەوە ببەستم و ئەمارەتێکی گەورە لە مەڵبەندی کورددا پێکبهێنم، چیدیکە بۆ پاشایانی فارس و ڕۆم سەر شۆڕ نەکەم، خۆراکی وڵاتی کوردنشین نەدەمە بێگانە(٢).

زێرینای فەرمانڕەوا

چیرۆکی (زیرڕینای ئامێدی)، یەکێکە لە بەسەرهاتە مێژووییەکان، مەنگوڕی لە زارەکیەوە خستیە نێو دووتوێی نووسینەکانەوە، ئەم بەسەرهاتە ئاماژە بە پاڵەوانێتی کچە کوردێک دەدات، کە 5000 ساڵ بەر لە ئێستا لە کوردستاندا فەرمانڕەوایی کردووە، ئەم کەسایەتییە لەیەک کاتدا لەسەر دوو ئاست خەباتی کردووە: لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی تەواوی ئەو دابونەریتە چەسپاوانەی کۆمەڵگە بۆتەوە کە ژن بە بێ دەسەڵات و وەک دیلێکی ناو چوارچێوەی دیوارەکان دادەنێت، لەسەر ئاستی سیاسییش هەر جەنگاوەرێکی ئاسایی بووە، بەڵکو سەرکردەیەکی لێهاتووی سەردەمەکەی خۆی بووە، کاریگەری لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشبردنی سیستمی سیاسی لە پێناو بەدیهێنانی قەوارەی سەربەخۆیی کوردیدا هەبووە، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە سەرکردایەتی ژنێک ئەو ئاواتە بەرجەستە بووە( ٣).

لێرەدا دەشێت ئەو پرسیارە دروست ببێت: کە ئایا دەشێت پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا پرسێک لە ئارادا بووبێت دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان؟ مەنگوڕی لە چیرۆکەکەدا بەلای وەڵامی ئەو پرسیارەدا نەچووە و لە بنەڕەتیشەوە پرسیارێکی وای نەوروژاندووە! بەڵام تەواوی چیرۆکەکە دەبێتە بەڵگەی ئەو خەونە، نەک هەر بۆ ئەو سەردەمە، بەڵکو بۆ سەردەمانی زۆر پێش ئەوەش، چونکە زێڕینا وەک ئاواتێکی کۆن و خۆزگەیەکی لە مێژیینە قوڵی لێهەڵدەماڵێت و ژیان و بوونی خۆی بۆ دەخاتە مەترسییەوە.

١-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی ، چیرۆک ، بەسەرهات ، گێڕانەوە ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ، ٢٠٢٠ ، ل ٢٠

٢-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی ، زێڕینای ئامێدی ، چاپخانەی غەری حدیثة ، نەجەف ، ١٩٧١، ل ١٤



# پریانشی سۆمانی پاڵەوانی جیهانی لەبیرکاریدا

ڕەزا شوان

پریانشی ساتن سۆمانی، کچۆڵەیەکی هێندیی سەرسوڕێنەر و پەرجۆیە. یەکێکە لە ئەفسانەکانی جیهان لە بیرکاریدا، لە کردارەکانی کۆکردنەوە و لە لێکدان و لە دەرکردنی ڕەگی دووجایی زەینی (بەبێ بەکارهێنانی پێنووس و کاغەز) لە توانابەدرە، پریانشی لە ئامێری ژمێریاری ئەلیکترۆنیش خێراترە. بۆیە بە ئامێری ژمێریاری ناسراوە. پریانشی لە تەمەنی (١١) ساڵیدا، لە ساڵی (٢٠١٠) دا، بوو بە پاڵەوانی جامی جیهانی لە بیرکاریی زەینیدا، کە بچووکترین ئەندامی بەشداربووی پێشبڕکێکە بوو. توانی یەکەم جامی جیهانی بەدەستبهێنێت و نومرەیەکی باڵای پێوانەیی جیهانی، لە خێرایی جێبەجێکردنی وەڵامی پرسیارەکانی بیرکاریی زەینییدا (تەنیا بە زاری) تۆماربکات. ڕێژەی لە (١٠٠%) ی وەڵامی ڕاستیی بەدەستهێنا، تا ئێستا کەسێکی کە بە ئەم ڕێژەیە نەگەیشتووە.

بیرکاریی زەینی ئەوەیە، کە بەبێ پێنووس و کاغەز و داتە، پرسیار و ڕاهێنانە گرانەکانی بیرکاری، بە زەینی ئەنجام بدرێن. ڕاهێنانی زەینی زۆر بەسوودە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر، لە چەمکی بیرکاری تێبگەن. جگە لەوەش ڕاهێنانی زەینی بە ڕێکی و بە هەمیشەیی، یارمەتیی منداڵان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر متمانەیان بە خۆیان هەبێت، هۆکارێکی گرنگیشە بۆ باشتربوونی هەستی ژمارەییان.

پریانشی سۆمانی لە ڕۆژی (١٦/ نۆڤەمبەر/١٩٩٨) لە شاری سورات لە ویلایەتی گۆجارات لە هیندستان لەدایک بووە. کە تا ئەمڕۆش نیشتەجێی ئەم شارەیە.

باوکی ناوی ساتن سۆمانی یە، بزنیزمەنە، دایکیشی ناوی ئەنگۆ سۆمانی یە.

پریانشی سۆمانی، بە کرداری ئەوەی سەلماند، کە تەمەن سنووری زیرەکی و بلیمەتی و ناوازەیی مرۆڤ دیاری ناکات. ئەو لە تەمەنی شەش ساڵییەوە، دەستی بە بیرکاریی زەینی کرد. لەم تەمەنە بچووکییەدا بە بەبێ پێنووس و کاغەز، ڕاهێنان و پرسیارەکانی بیرکاریی بە زەینی و بە خێرایی ئەنجام دەدان. لێرەوە خولیای و بەهرەی بۆ بیرکاریی زەینی دەرکەوت. کە منداڵانی هاوتەمەنی لە کۆڵاندا سەرقاڵی یاریکردن بوون.

پریانشی سۆمانی، توانایەکی سەرسوڕێنەری هەیە، لە دانانی مەتەڵی بیرکاری و لە یارییەکانی ڕکەبەرایەتی پێشبڕکێی بیرکاریی زەینیدا، تا سەرقاڵ بێت و بە داهێنەری بمێنێتەوە. یاریکردنی ژمارە، خۆشیی پێدەبەخشێت.

دایک و باوکی لە قۆناغێکی زوودا، هەستیان بە توانای ناوازەی پریانشی کرد. ئافەرین و دەستخۆشیان لێدەکرد. پاڵپشتی بوون و هانیان دەدا بۆ درێژەدان بە بەهرە و بە تواناکانی. لە تەمەنی شەش ساڵیدا ناردیان بۆ پۆلی (ئەیاکۆس) کە گرنگییان بە منداڵانی بەهرەمەند لە بیرکاریی زەینیدا دەدا. بۆیە پریانشی خۆی بە بەختەوەر دەزانێت و خۆی بە قەرزارباری دایک و باوک و براکەی دەزانێت و دەڵێت:"من بەبێ دایک و باوک و براکەم و ئەو خێزانەی کە هەمە، هیچ شتێک نیم، ئەوان پاڵەوانی منن".

پریانشی خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی (دیر لۆرد) لە شاری سورات لە هیندستان تەواوکرد. لە قوتابخانەدا بەردەوام بوو لە پراکتیزەکردنی بیرکاریی زەینی، کە یارمەتیی دەدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بیرکاریی زەینی، بێ ئەوەی پێویستیی بە پێنووس هەبێت. خولیای بیرکاریی زەینیی پریانشی مامۆستاکان و هاوڕێکانی سەرسام کردبوو.

پریانشی سۆمانی، لە هیندستان بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی کۆمپیوتەردا بەدەستهێنا. دوو ساڵ وەکو گەشەپێدانی بەرنامە، کاری کردووە، بەشێک بووە لە بەرهەمهێنان و پرۆژە. بوارەکانی گرنگیدانی پریانشی، بریتین لە بەکارهێنانی داتا و تەکنەلۆژیا لە پێناوی باشی و خێرخوازیدا.

پریانشی سۆمانی بڕوانامەی ماستەری لە داهێنان و بەڕێوەبردن، لە پەیمانگای تافتس گۆردۆن وەرگرت. لە ئێستاشدا خوێندکاری باڵایە، لە زانکۆی تافتس بۆ دەستهێنانی ماستەر لە زانستی داتا دا.

پاڵەوانییەتییەکانی پریانشی سۆمانی لە بیرکاریی زەینیدا.

پریانشی هەر لە منداڵییەوە بەهرەیەکی سەرسوڕهێنەری لە بیرکاری زەینیدا هەبوو. بەتایبەتیش لە خێرایی ئەنجامدانی دەرهێنانی ڕەگی دووجایی دا، کە کردارێکی ئاسان نییە. لێرەدا بە کورتی باس لەو پێشبڕکێ ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانە و ئەو کۆنفرانس و بوارە جیهانییانە دەکەین، کە خاتوو پریانشی سۆمانی بەشداریی تێداکردوون و بوونە هۆی ناوبانگ دەرکردنی لە هیندستان و لە هەموو جیهاندا:

١- پریانشی لە ساڵی (٢٠٠٦) دا، کە تەمەنی (٧) ساڵ بوو، بوو بە پاڵەوانی یەکەمی نیشتمانی لە بیرکاریی زەینی لە هیندستاندا. جامی یەکەمی پێشبڕکێکەی بردەوە.

لە ساڵانی (٢٠٠٧) و (٢٠٠٨) یشدا، بۆ دووەم جار و سێیەم جار، پاڵەوانی نیشتمانی هیندستان بوو، لە پێشبڕکێی بیرکاریی زەینیدا. بوو بە مایەی شانازی بۆ هیندستان.

٢- پریانشی لە تەمەنی (١١) ساڵیدا، لە ساڵی (١٠١٠) دا، بچووکترین بەشداربووی پێشبڕکێی پاڵەوانێتیی جامی جیهانی بۆ بیرکاریی زەینی. ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی بیرکاری لەم پێشبڕکێییەدا بەشداربوون، کە ئەزموونێکی زۆریان لە بیرکاریدا هەبوو. گەورەترین ڕکابەر تەمەنی (٦١) ساڵ بوو. (٣٧) ڕکابەرەکانی بیرکاری لە (١٦) دەوڵەتەوە هاتبوون، پێشبڕکێکەش لە لایەن زانکۆی (ماگدیبۆرگ) ی ئەڵمانییەوە بەڕێوەچوو.

پریانشی سۆمانیی بچووکترین تەمەن، توانی بەسەر هەموو ڕکەبەرەکاندا سەربکەوێت و شکستیان پێبهێنێت،. توانی لە ماوەی (٦) خولەک و (٥١) چرکەدا، لە بیرکاریی زەینیدا، ڕەگی دووجایی (١٠) ژمارە، کە هەریەکەیان لە (٦) نومرە پێکهاتبوون، بەو خێراییە ئەنجامەکانیان بڵێت. هەمووشیان ڕاست بوون. تەنیا بەشداربووش بوو کە ڕێژەی (١٠٠%) دا، لە کردارەکانی کۆکردنەوە و لێکدان و ڕەگی دووجایی زەینی تۆمارکرد. تا ئێستا هیچ کەسێکی تر لەم بوارەدا، ئەم ڕێژەیەی تۆمارنەکردووە.

پریانشی بوو بە پاڵەوانی پێشبڕکێکە و جامی جیهانیی بۆ بیرکاریی زەینی بەدەستهێنا. یەکەم منداڵی ڕکابەربوو، کە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەستهێنا.

بە تۆمارکردنی ریکۆردێکی باڵای جیهانیش لە بیرکاریی زەینیدا، پریانشی بوو بە ئەستێرەیەکی جیهانی. هەر لەم ساڵەدا خەڵاتی یەکەمی کۆمەڵەی بلیمەتەکانی وەرگرت.

پریاتشی دەڵێت:

" بردنەوەم لەم پێشبڕکێییەدا، متمانەی بە ناخم بەخشی، کە دەتوانم هەموو شتێک لە ژیانمدا بکەم. ئەم هەستەش لە ژیانمدا، لە هەموو شتێکی ئەم هەسارەیە گەورەترە".

٣- لە (٢٨/ نۆڤەمبەر/٢٠١٠) دا، میوانی ڕێزلێنراوی شانازیی، شانزەمین پێشبڕکێی نێودەوڵەتییەکان (ئوکماس) بوو، بۆ بیرکاریی زەینی، لە لایەن کۆمەڵەی جیهانی بۆ فێرکردن، لە مالیزیادا بەڕێوەچوو. (٤٣) دەوڵەت بەشداری ئەم پێشبڕکێیە بوون.

پریانشی لەم پێشبڕکێیەشدا، لە کرداری ڕەگی دووجاییدا یەکەمی بەدەستهێنا.

٤- لە ساڵی (٢٠١١) دا بە باڵیۆزی هیندستان، بۆ ڕۆژی جیهانیی بیرکاری هەڵبژێررا.

٥- لە ساڵی (٢٠١٢) دا، توانی (١٠) کردرای بیرکاری، کە لە (١٠) ژمارە، هەر ژمارەیەکیشی لە (٦) نومرە پێکهاتبوون، لە ماوەی (٢) خولەک و (٤٣) چرکەدا، بە زەینی ڕەگی دووجاییان دیاری بکات و هەر هەمووشیان ڕاستبوون.

بەمەش بوو بە خاوەنی تۆمارکردنی نومرەیەکی نوێی جیهانی لە بیرکاریی زەینیدا. خەڵاتێکی تر و جامێکی تری جیهانیی بەدەستهێنا. سەرێشکەوت بۆ پێشبڕکێی یارییە ئۆلۆمپییە ئەقڵییەکان، کە لە ساڵی (٢٠١٢) دا، لە تورکیادا بەڕێوەچوو.

٦ـ ئەم بەهرە ناوازەی پریانشی سۆمانی، نەتەوە یەکگرتووەکانی سەرسام کرد. لە ساڵی (٢٠١٤) دا ناوی پریانشی لە کتێبی (گینیس) بۆ ریکۆردە جیهانییەکان تۆمارکرا.

٧ـ پریانشی، خەڵاتی نوێنەری ناوازەی لە کۆنفرانسی ساڵانەی سێیەم، بۆ ژمارە پێوانەییەکان وەرگرت. لە لایەن ئاکادیمیای نەتەوە یەکگرتووەکان (تشیۆنگ شیم)ی نێودەوڵەتی، لە ساڵی (٢٠١٣) دا، لە کۆریای باکوور بەڕێوەچوو.

٨ـ پریانشی سۆمانی، جگە لەوەی کە پێنج نازناوی بردەوە و دوو مەدالیای زێڕ و بڕێک پارەی کاششیان پێبەخشی. چەندین جامی یەکەمیشیان پێبەخشی.

٩ـ پریانشی سۆمانی، وەکو مامۆستایەکی یاریدەدەر لە دەروونناسیدا هەڵبژێرا، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تۆژینەوە لە (زانکۆی ستانفۆرد) لە کالیفۆرنیا، لە ئەمریکا.

١٠ـ پریانشی، جگە لە بیرکاری، خولیای شانۆشی هەیە، لەگەڵ چەند گروپێکی جیاوازی شانۆییدا، لە تەمەنی (٢١) ساڵیدا لە شاری (مۆمبای) بەشداریی کرد. هەروەها خولیای یاریی شەترەنج و یاریی تێنسی سەر مێزیشی هەیە.

جگە لەو خەڵات و رێزلێنان و جامانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، پریانشی چەندین مەدالیا و خەڵات و بڕوانامەی رێزلێنانیان پێشکەش کرد.

پریانشی لە ئێستادا تەمەنی (٢٥) ساڵە، خەریکی بەدەستهێنانی ماستەری دووەمێتی.

بێگومان بەدەستهێنانی ئەو هەموو دەستکەوت و نازناو و خەڵاتە جیهانییانە لە لایەن پریانشی یەوە، کارێکی ئاسان نەبوون. بەڵام ئەو کچێکە پێیوایە دەتوانێت دەست لە ئاسمان بدات. ئەو کچە سادە و خاکییە دەیەوێت لە داهاتوودا ببێت بە ژنێکی بەهێز.

پریانشی دەڵێت:"من هەرشتێک و هەموو شتێکم خۆشدەوێت کە خێرایی هەبێت. کاتێک راهێنان و کێشەیەکی بیرکاریم لە بەردەمم دایە، مێشکم شیکاری بۆ دەکات و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات. لەو ساتەوە کە چاو کێشەکان دەبینێت، دەیانخاتە سەر کاغەز یا پەردەی داتە، رووبەڕووبوونەوەی ئەم خولە کەمترین کاتە. لە دواییدا سەرسامم دەکات. گەیشتن بە ریکۆردێکی نوێ، ئامانجی هەمووجارێکمە".

پریانشی سۆمانی، بوو بە ئیلهام بۆ منداڵان و هەرزەکاران و لاوان. تا چاوی لێبکەن و شوێن پێی بکەون و سوود لە بەهرە و لە ئەزموونی وەربگرن.


(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
نەرویج: ٢٠٢٣



# ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی.

ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتووە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپییە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە. بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ ی درێژییەکەیەتی.




دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە 21 پەڕ (تیشک) ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێیەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک (1) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (0.5) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ درووست دەکەن. خۆرەکە دەبێت ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت. خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ (تیشک) تێدەپەڕێت.ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان بەم شێوەی خوارەوەیە

سوور
سەوز
زەرد

شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا

هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.

بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سوور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.

بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سوور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.

لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لەسەر سینگ، لە لای چەپ لەسەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.

لە سەر مێز دانانی، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.



کوردپیدیا

# لاساییکردنەوە، تێکچوونی میزاجی کوردەواری

ڕەووف محەمەد ئالانی



لاساییکردنەوە بەمانای بەکارهێنانەوەی شێوازێک لە سیماووتنەوەدا، سیما واتە لەجلوبەرگ و شێوەی کەسێک، وتنەوەش بەواتە لەدەربڕین (قسەکردن و گۆرانی وتن).

ئەگەر بەووردی سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، لەقۆناغەکانی سەرەتای مرۆڤایەتیدا، مرۆڤی چاخەکانی بەردین یەکەم داهێنانیان لاساییکردنەوەی سروشت بووە، لەو سروشت و دەوروبەرەی تێیدا ژیاون، لەدەنگی با و ئاوو ئاژەڵ وباڵندەکان، بەردەوام ئاگای لێیان بووەولەگەڵیان جەنگاوەوسودی لێبینیوون بۆژیانی خۆی یان ڕاوی کردوون، لاساییکردنەوەی مرۆڤی ئەوسەردەمە داهێنان بووە، چونکە بۆتە هۆکاری گۆڕانکاری گەورە بۆ مرۆڤایەتی.

لەم کاتوساتەدا لاساییکردنەوە بۆتە دیاردەیەکی ناشیرین وقێزەوون، بەتایبەت بۆجیهانە جوان وپڕخرۆشانەکەی هونەری گۆرانی، هەمیشە گۆرانی وەک بەشێکی گرنگی کەلتووری نەتەوەیی بۆتە ناسنامەی گەلان، لەخۆڕا نیە، کۆنفیشیۆسی فەیلەسوفی چینی دەڵێ: (بۆ شارەزابوون وزانینی ڕۆشنبیری هەرنەتەوەیەک، گوێ لەگۆرانیەکانیان بگرە).

هەریەکێک لەئێمە کاتێ تەنیا دەبین، یان بیرکردنەوە لە بابەتێک تەریکمان دەکات، لەبەرخۆمانەوە ئەگەر بەنووزە نووزیش بێت، گۆرانیەک بۆڕەوینەوەی ئەوحاڵەتە دەڵێین، بۆیە (وەدیع سەعادە)پێناسەی ئەوبێدەنگیەمان بەمجۆرە بۆدەکات ودەڵێت:( لە بێدەنگیدا، گۆرانی جوان. لەناو بێدەنگیدا، سەرسوڕمان دەنگ دەدات. کاتێک دادەنیشیت و بێدەنگ دەبیت، ئاوازی نوێ دێتەبوون).

زۆرلەکایەکانی کۆمەڵگەی کوردی شپرزەوشێواوون، بەهۆی لێنەپرسینەوەوگوێپێنەدان وهاندان بۆ بەردەوامی ئەوخراپکارییانە.

جاران گۆرانی دڵوگیانی هەمووانی بەخۆشنوودی شاددەکرد، چونکە گۆرانی ودەنگەکان ساف وپاک بوون، ئەوەتا هونەرمەندونوسەروشاعیر(ئارسەرڕیمبۆد ١٨٥٤-١٨٩١)دەڵێت: (ئەی دونیا، گۆرانی پاک وجوان بۆخەمە نوێیەکان بڵێ).

کێ هەیە لەئەمرۆداخەماکانی بە گۆرانیەکان بڕەوێنێت؟ کام گۆرانیانە وکێ بیانلیت؟

لەئێستادا کەگوێ لەو گۆرانیانە دەگری کەلاسایی هونەرمەندە گەورەکان دەکەنەوە، میزاجت تێکدەچێت وبەنابەدڵێش وناچاری دەچێتە ناو گوێکانت و تۆش لەجیاتی خۆشی تێکەڵ بە هەستێکی ناخۆش دەبیت، جا ئەگەرتینت بۆهات لەشوێنێکی گشتی بووی یان دەبێ ئەوشوێنە جێبێڵیت، یان بەزمانێکی نەرم وشیرین بەخاوەنی شوێنەکە بڵێی ئەرک نەبێت ئەو گۆرانیە بگۆڕە، ئەگەر ئەویش توڕەنەبێت وبڵێ کاکە ئەوگۆرانیە عەیبی چیە؟ یان دەڵێ هەرئەوەمان لایە، ئیتر تۆش ناچاری بێدەنگ بیت و ناخۆشییەکە بنۆشی.

لەناوهەموو میلەتێکدا چەندین گۆرانیبێژی گەورەوناودارهەن، کەبوونەتە بەشێکی گەورەی کەلتووری نەتەوەیی، لەناوگەلی کوردیشدا بەهەمان شێوەیە، هەندێ کەس حەزیان لەوتنی گۆرانی بێت یان دەنگیان خۆش بێت، بۆناساندنی خۆیان وەک گۆرانیبێژدێن وگۆرانی هونەرمەندە گەورەکان دەڵێنەوە، چۆن وتنەوەیەک؟ هەرگۆرانیەکە ناخۆش دەکەن، لەهەمووی ناخۆشتروخراپترکەناڵەکانی ڕاگەیاندن وتیپی موزیکی ئەوکەناڵانە کاری دابەشکردنی موزیک و ئاوازەکان دەکەن، لەوکاتەدا ئەوانیش هێندەی دەنگبێژەکە تاوانبارن لە ناشیرینکردنی گۆرانیەکە.

ئینجا پاش ماوەیەک کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نۆرەی بۆ دەگرن تا بەبینەرەکانیانی بناسێنن، بەهونەرمەندیش ناوی دێنن.

یان چەند کەسێک هەن لەلایەن حیزبەکان و کەسایەتیە سیاسیەکانەوە ئەوەندە پشتیوانی دەکرێن، بەگروپ، کچانی دەنگ ناساز کۆدەکەنەوە، گوایە خولیان بۆدەکرێتەوەوفێری گۆرانی وتن دەکرێن، جگە لەنووزە نووز هیچی تر نین، پەلاماری گۆرانی هونەرمەندە گەورەکان دەدەن ودەیشێوێنن، وەک گۆرانیەکانی(حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، تایەرتۆفیق، ماملێ، عەباسی کەمەندی، سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی، ...... زۆری تر).

شاعیری جوانی (عەبدوڵا گۆران 1904-1962) هەرزوو هەستی بەوخەمە گەورەیە کردولەشیعرەناوازەکیدا، جوان ڕۆچوە بە ئەو خەمەی دڵی هەمووانی بریندارکردوە، کەبۆ دەروێش عەبدوڵای نوسیوە، دەڵێت:

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک بیبەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەت کێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ
بەڵێ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا.

بەڵێ گۆرانی مەزن جوانی فەرمووە، لەئێستادا، بەدەستی کۆمەڵێ کەسی دەنگ ناساز خەریکە، میزاجی هونەری خەڵک تێکدەچێت وخەڵک ناچاردەکەن هانا ببات بۆ گوێگرتن لەگۆرانی بێگانە، ئەوسا دەبێ بێینەوە سەر هەمان دەقی گۆرانی مەزن کەدەڵێت:

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا
دە ئەی دەروێش سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە.

هەقوایە، لایەنی پەیوەندیداربەتایبەت بەڕێزان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بەگشتی وبەتایبەتتر بەڕێز وەزیر خۆی چاودێری ئەم لایەنەبکات وبەبڕیارێک ڕیگری بکات لەلاساییکردنەوەی دەنگە ڕەسەنەکان وبەتایبەت ئەوانەی لەژیاندا نەماون، بڕیار لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

١-لیژنەیەک دروست بکات لەکەسانی پسپۆڕبۆ بەدواداچونی ئەو کەسانەی گۆرانی کەسانیتر دەڵێنەوە، لیژنەکە بڕیار بدات کارەهونەریەکە بکرێت یان نا

٢-هەرکەسێک بەبێ ئاگاداری لیژنەکە ولەدەرەوەی ئەوان ئەوکارانە بکات سزایەکی دارایی قورس بدرێت و زیندانی بکرێت بەپێی یاسا

٣-هەمووکەناڵەکانی میدیا ئاگاداربکرێنەوە، لەوەی گۆرانی لاساییکردنەوە دانەبەزێنن وپەخشیان نەکەن

ئەم ڕێکارانە دەبنە هەنگاوی مانەوەی دەنگە ڕەسەنەکان و پاراستنیان لەشێواندن، هەروەها دەبێتە برەودان بە گەشەپێدان بەهونەری گۆرانی کوردی.

## ئیرەیی
## ڕۆستەم خامۆش



ئیرەیی نابەم بە کەس
چونکە دڵم پاکەو بەس
دەروونم زۆر خاوێنە
جوانە، وەک ڕووی ئاوێنە
دڵم بێ ڕق و کینە
پڕ لە سۆز و ئەوینە
هەموو خەڵکم خۆشدەوێن
لە هەر جێ بن، لە هەر شوێن.

# ستار ئەحمەد ــ مانفێستی مەرگی خۆی رادەگەیەنێت!..

## نووسینی / لەتیف بێوار

دەڕۆم چۆن باران
ئەمساڵی تۆران و
تووڕەیە لەخاك
فرمێسکێك بۆ دارێك نارژێنێ
ڕوومەتی منالێك گرینۆك ناشواتەوە
بەو شێوەیە دەڕۆم
لەخۆم دەرباز دەبم
لەتۆدا دەبمە ئالای گشتگیری
باوەش بەخاکا دەکەم

ستار ئەحمەد بەس شاعیری ئەمڕۆ نییە، بەڵکو ئەو لە زەمەنە جوانەکانی پێش ڕاپەڕینەوە دەست لەملانی شیعرە، هەر کونج و کەلەبەرێك شك ببات دەیگرێت و خەلاتێکی خۆی بۆ دەنێرێ و دەیڕازێنێتەوە بە وشەی سازگارو وێنەی شیعریی جوان، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، ئەو شیعرانە تەعبیر لە دیدگاو ئەندێشەی ئەم مرۆڤە دەکەن کە لە هەناوی باوەگوڕگوڕەوە لە مێژە خەمەکانی کڵپەیان سەندووە.
هەیە دەڵێت زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لە خولگەی ڕۆمانسییەتدا دەخولێتەوەو وشەکانی سادەو روونن، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەموو دەقێك هەڵگری چەندان سیماو دەلالەتن و هیچ دەقێك بێ لێدوان بەسەرماندا تێناپەڕێت، مەگەر چەق و خاڵی لێ وردبوونەوە لە خۆ دەگرن، هەرواش لەم شیعرەدا گەر بە چاوێکی سادەوە بیخوێنینەوە دەبنین شاعیر باسی جێژووان و ژاڵەی بەر ماڵ و دیدار دەکات.. لای خوێنەرێکی سادە وا دەردەکەوێت ئەمە شیعری غەزەلە، بەس گەر زیاتر بیخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شیعرە باسی نیشتیمان و لادانی شۆڕشگێڕانەو خەمە وجودییەکانی کەسانی هۆشیارو هەست ناسکی وەك شاعیر دەکەن، بەڵام ئافەرین شاعیری بەئەزموون هەرگیز ماناکەت ڕاستەوخۆ نادرکێنێت،ئەمەشە کە شیعر لە قسەی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە، ئەوەتا لێرەدا شاعیر مانیفێستی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت- بەس وەك شاعیرانی تر! بۆ نموونە ئەو ناڵێ بە گوللەیەك کۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم، وەك لە کۆپلەکەی سەرەوەدا دیارە، بەڵکو دەڵێت (باوەش بە خاکا دەکەم). ئەمەش بەرەنجامێکی مەعنەوییە بۆ ئەو هەموو نسکۆو کلۆڵیانەی دووچاری خۆی و نەتەوەو نیشتیمانەکەی بووەتەوە، بەدەستی دەرەکی و ناوخۆ، تا دەیگەیەننە ترۆپکی بێ هیوابوون و مەرگی ماددی و مەعنەوی، ئەوەتا ئەو ژیان بە شەڕگە ناسدەکات و دەڵێت:




لەکام شەڕگەدا
پریاسکەی تاسە بکەمەوە
تازە رابوورد
ئەو کاتانەی بەدوو دەست
لوتکەمان دەگووشی و
خاکمان ماچ دەکرد
ئەو دەمانە
زەمەنی عەشق بوون

زەمەنی عەشق لەگەڵ پاکی و دڵسۆزی و خەبات و نیشتیمانپەروەرییدا، بەڵام ئەفسوس هەموویان تالان کردو گەورەترین زیان لێی کەوتەوە سڕینەوەی هەستی ئینتیماو سەربەخۆیی و کوردایەتی بوو، لێرەوە دەرکەوت تەنیا جیاوازی شەڕکەرەکان ئەوەیە ئەوان پۆستاڵیان لەپێدابوو، ئەمان کلاش، بەڵام بەرەنجامەکە هەر یەکە ئەویش : (ستەم( جا ستەم ڕەشێك بیکات یان سپیەك، کوردێك یان نا کوردێک هەر وەك یەکە، چونکە ستار شاعیرو نیشتیمانی مرۆڤایەتییە بە هەموو پاکی و ڕاستگۆیی و مەسەلە ڕەواکانیان، چونکە ئەو دەزانێت هەستکردن بە ئازار چۆنە کە خۆی چەشتوویەتی، ئیتر تەواوبوو شیعرو هەستی تەقدیسکردنی بتەکانی کوردایەتی کە زیاتر لە داگیرکاران زیانیان بە بوون و مەسەلەی نەتەوەکەیان گەیاند.
تەنانەت ئەوی هەست پەپوولە هەر بە وشەی نەرمونیان پێشوازی لە نەهامەتییەکان و مەرگ دەکات وەك چۆن سەرەتای شیعرەکەی پێ دەکاتەوە: (بەدەم خەندەی گوڵەوە-شنەی با دەخۆمەوە)..هەر لە باوەشی ئەوانیشدا جاوانی لێکدەنێت.
لەم دەستەواژەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە کەسی زیندوو شنەی با ناخواتەوە مەگەر بە دەرچوون نەبێت لە سیستەمی زیندەگی ماتریال و رواڵەت نەبێت و فڕینی گیان نەبێت لە مردنێکی سەرمەدیانەدا،
وێڕای ئەمەو ئاماژەکەی تری لەیەکەم کۆپلەدا باسمان لێوەکرد، بۆ ئەو خوێنەرانەی کە ورد نابنەوەو زۆر ڕۆناچن بە قوڵایی وشەکاندا ئاماژەیەکی پێداون کە ئەو لەم شیعرەدا لە بازنەی مەرگ دەخولێتەوەو عەشقەکەشی گشتگیرەو بۆ لێوی ئاڵ و کەزی و پرچی خەزاڵ نییە، ئەوەتا دەڵێت:

هەر کەرتێکم لە تۆدا
خۆی دەکاتە هاوەڵی مردن
بەرەو کوێ تەرمم هەڵدەگرن
لەپاڵ کام داردا دەمشۆنەوە
چۆن تەلقینم دەخوێنن
من خۆم دارەمەیتێکم

ڕەنگە خوێنەرێك بڵێت کێ دەڵێت شاعیر ئەم مەبەستانەی لە پشت دەقەکەیەوە بە ئامانج گرتووە؟
وەڵامی ئەم پرسیارەش زۆر ئاسانە تەنیا بەوەی: زمان سیستەمی دەلالەتەکانە، بەسە کە بڵێین هەموو دەقێك شایستەی لەسەر وەستانەو هەڵگری چەند پەیام و لێکدانەوەو ئاماژەیەکە، بەڵام مەخابن وەك چۆن پاشاگەردانی ژینگەی سیاسی لە واقیعی ئێستای باشووری کوردستان وەکو خۆر ئاشکرایەو جێی ئاماژە پێدان نییە، هەر بەم جۆرەش هەموو مەیدانەکانی تری ژیان بەشێك لەم بۆگەن بوون و کرمۆڵ بوونەی پێوە دیارەو تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا هەر دەزگایەکی ئەدەبی چەند مشەخۆرێکی لە خۆی کۆکردووەتەوەو جگە لە خۆیان و تاقمەکەیان کەسی تر نابینن و ناخوێننەوە، کە هەرگیز نەدەبوو ئەمە لە مەیدانی ڕۆشنبیرییدا بوونی هەبووایە، چونکە ئەمە تاریکییەو بیری ڕۆشن ڕەفزی دەکاتەوەو بگرە لە دژی دەکۆشێت. من جگە لەوەی هەست بە چێژ دەکەم لە خوێندنەوەی پێچ وپەنای ئەم شیعرەی شاعیر ستار ئەحمەد دا، لە هەمان کاتیشدا سەرنجم بۆ ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییان دەچێت کە جاروبار لێرەو لەوێ بڵاودەبنەوەو کە دەچمە بنج و بنەوانیان بۆم دەردەکەوێت هەردووك لە (دەق نوو س) و (ڕەخنەگر) جۆرێك پەتی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، هەر وایەو ئەمەش ڕاستە بۆ ڤیستیڤاڵە ئەدەبیەکان و بڵاوکراوە ئەدەبییەکان، کە لە ڕاستیدا بابەتێکی شەرمهێن و قێزەونە.
ئەم شیعرە هەرچەندە لە رووکەشدا پڕە لە هەستی گەرموگوڕی خۆشەویستی و ژیان و بینینەوە، بەڵام لە ناواخندا پڕە لە ئاماژەی مەرگ، مەگەر بەرد لەم دێرەدا گەڕانەوەیەك نییە بۆ نەبزاوتن و دابڕانی هەتاهەتایی و مردن؟
دابڕان بەچارەنووسی بەردم دەسپێرێ
هەر ئەم جیهانبینی و پێشبینە پاکڕەوانییەی شاعیرە لە هەموو شتێکدا مەرگێکی (کۆ) دەبینێتەوەو ئیزافەی دەکاتە سەر مەرگ و کۆتایی تراژیدیەکانی خۆی، ئەو لە سروشت و ژینگە ورد دەبێتەوەو ئامرازە شیعرییەکانی لێهەڵدەهێنجێت و پێکدەهێنێت،
بۆ وێنە ئایا بێ بارانیی بە غەزەبی ئاسمان دەزانێت یان بە ملهوڕیی مرۆڤی چاوچنۆك و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی مرۆڤ کە بونەتە گۆڕینی کەش و هەواو نەبارینی باران و هیچ حساب نەکردنێك بۆ پاراستنی ژینگەی گۆی زەوی؟ لە هەردوو حاڵەتەکە ساعیر ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەمە نەهامەتییەکەو لە پێشمانە، وەك ئەوەی بڵێت: منیش وەك باران بێزارم لە ستەمەکانی سەر خاك، لە کوشتارو کاولکاریی و ناقۆڵاییەکانی مرۆڤ، منیش وەك ئاو سەرچاوەی ژیانم بەڵام کە ئاو نەما هەموو شتێك ڕەنگی مەرگی لێ دەنشێ و ئیتر هیچ حەزناکەم بژیم بۆ نووسینەوەی تراژیدیاو ناسۆرییەکان و مەرگەکان،ئێمە زیندوو کوژی مردوو پەرستین، ئەمەیە شاعیری دڵی بابەگوڕگوڕ جاڕی مەرگ دەدات و کەس ڕاناچڵەکێنێت، بەڵێ لە دوای ئەم هەموو قەیرانانە هێشتا زۆری ترمان لە پێشە، بەڵام هەرگیز لێوی وشکی منداڵە تینووەکان لە بیر ناکەم کە لەم شیعرەدا جێیان نەکەمەوە.

دەڕۆم چۆن باران
ئەمساڵی تۆران و
تووڕەیە لەخاك
فرمێسکێك بۆ دارێك نارژێنێ
ڕوومەتی منالێك گرینۆك ناشواتەوە

# خاکی نیشتیمان لەویژدانی هاونیشتیمانی ڕاستەقینەدا وەرگێڕانی بۆ کوردی




عمر محمود

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە نیمچە دورگەی سینا لەساڵی ١٩٨٢ و دوابەدوای کۆتیاییهاتنی قۆناغی گواستنەوە لە ڕێککەوتننامەی ( کامپ دێڤید ) کە لەنێوان میسرو ئیسرائیل مۆر کرا لەساڵی ١٩٧٨ ، کێشەیەک سەریهەڵدا . هێزەکانی ئیسرائیل
ناوچەیەکی سنوری بچوکیان لە ژێر دەستی خۆیان هێشتەوەو لێی نەکشانەوە کە پێی دەگوترێ ( تابا ) .
هێزەکانی ئیسرائیل بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەم ناوچەیە بەشێک نیە لەخاکی میسرو دەکەوێتە ناو خاکی فەلەستینەوە .
میسر بەم بانگەشانەی ئیسرائیل قەناعەتی
نەکرد .
ئەوەبوو پەنای بردە بەر دادگای نێودەوڵەتی لە جنێف و چەندین بەڵگەنامەو نەخشەی پێشکەشکرد کە دەیسەلمێنن ، (تابا ) میسرییە .
بەڵام دادگای نێودەوڵەتی قەناعەتی بەو بەڵگانە نەکرد و دەرگای واڵا کرد بۆ شایەتیدان لەسەر ئەو بابەتە .
عەقید (اسماعیل شیرین ١٩٢٠-١٩٩٤ ) کە ئەندامێکی خانەوادەی پادشای میسرو زاوای مەلیک فاروق بوو ، بەمەی زانی .
عەقید (اسماعیل شیرین )هاوسەری (فەوزیە)خانمی خوشکی (مەلیک فاروق) بوو .
( فەوزیە )خانم ئەمە شوی دووەمی بوو ، دوای جیابونەوەی لە شای ئێران . کەدواتر لەگەڵ دارو دەستەی (مەلیک فاروق) دوای ئینقیلابەکەی (جمال عبد الناصر) لەساڵی
١٩٥٢ میسری بەجێهێشت و لە (جنیف) گیرسایەوە . هەموو موڵک و ماڵیشی کە لەمیسر هەیبوو لەلایەن حکومەتی نوێوە دەستی بەسەردا گیرا .
عەقید اسماعیل بڕیاریدا بچێ لە دادگای نێودەوڵەتی لە قازانجی میسر شایەتی بدات ، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی میسری دەستی بەسەر هەموو موڵک و ماڵیدا گرتبوو . تەنها بەجلەکانی بەریەوە لەمیسر دەرباز ببوو .
شایەتیەکەی پشتی بەوە بەستبوو کە سەرکردەی کەتیبەیەکی سەربازی بوو لە ( تابا)
چەندین نامەو وتاری فەرمی سەرکردایەتی سوپای میسری لابوو بۆ کەتیبە سەربازیەکەی لەو کاتەدا کە لە (تابا) بوو.
هەروەها ئەو نامانەی لە هاوسەرو خێزانەکەیەوە بەدەستی دەگەیشت و ئەو وەڵامانەش کە ئەو دەینارد‌نەوە . هەموویان مۆری فەرمانگەی پۆستەی میسرییان لەسەر بوو .کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ( تابا) میسرییە.
لیژنەی شارەزایان و دادوەرەکانی دادگای نێو دەوڵەتی قەناعەتیان بەو بەڵگانە کرد کە عەقید اسماعیل شیرین پشکەشی کردن و بڕیاری لە میسری بوونی (تابا )دا
ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٨ سوپای ئیسرائیل کشایەوەو ( تابا) گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی میسری . دوای شەش ساڵ لە بێنەو بەردەی دادگا .
ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ قسەی دەربارە بکرێ هەڵوێستی مەردانە و نیشتیمان پەروەرانەی عەقید اسماعیل شیر ینە .
سەرەڕای ئەوەی حکومەتی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ دەستی بەسەر موڵک و ماڵیدا گرتبوو . بەجلەکانی بەریەوە ئاوارەی هەندەران ببوو ،
بەڵام هەموو ئەمە لە خۆشەویستی ودڵسۆزی بۆ نیشتیمانەکەی کەمنەکردەوە
بەوبەڵگانەی لای بوو توانی (تابا) بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی .
ئەم پیاوە بەم هەڵوێستە مەردانەی
سەلماندی کە خاکی نیشتیمان زۆر لەوە بەنرخترە بەکار بهێنرێ بۆ تۆڵە کردنەوەو دامرکاندنەوەی کۆنە قین .

# مانگ

## سەردار قادر



ئای کەجوانە بەم ئێوارە
مانگی یەك شەوەم لێ دیارە
وەرە تەماشاکە هاورێ
ڕێك لە شێوەی کەوان دەچێ
نیگاریان بوە بەتابلۆ
ئەستێرەکان بەتاك وکۆ
هەرئێستا بۆی دادەنیشم
ڕێك ئەو دیمەنە دەکێشم
واکردم بەمانگی چواردە
تەماشاکە چەند بێگەردە
دیمەنی هەورو ئەستێرە
بەڕاستی زۆرجوانن لێرە
ئەمشەوڕەنگ و تیشك وخەیاڵ
منیان خستوەتەگڕوگاڵ!

# ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان ڕابردوو ئێستادا



**تەها عومەر**

نووسەری گەورەی عێراقی دکتۆرعەلی وەردی لەکتێبی (گاڵتەجاڕیی عەقڵی مرۆڤ )دا باس لەوە دەکات کەدنیای عەولەمەو شۆڕشی زانستی وتەکنۆلۆجی بەهەموو چاکی وخراپییەکانیەوە زۆربەخێرایی خۆی دەکات بەناو هەمووکۆمەڵگاو شارستانێتیی و مرۆڤایەتی دنیاداو هیچ هێزێک نیە بیوەستێنێ ، ئەوی بەرەنگاریشی ئەبێتەوەوئەیەوێت لەڕابردوودا بمێنێتەوە کەسێکی گەمژەیە.

دنیای جیهانگیری شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆجیای سەردەم خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە سەرجەم مرۆڤایەتی کردوئاسانکاریی لەهەموو کایەو بوارەکاندا خستە بەردەم مرۆڤایەتی ، بێگومان کەمی وزۆریی ئاستی پێشکەوتنەکانیش ، چۆنێتی وەرگرتن وهەزمکردنی کردنی ئەوخزمەتگوزاریانەش لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە .

لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتگوزاریانەش زۆرشتی جوانی لێسەندینەوە لەوانەش هاوڕێیەتی ووەفاو دڵسۆزی وخۆشەویستی وسۆزمان بۆیەکتری ، پەیوەندیەجوانەکۆمەڵایەتیەکان هەرەسیان هێناوکۆمەڵێک ئامێری ڕەق وتەق و بێ گیان وبێهەست جێی گرتنەوە.

سۆزوخۆشەویستی وهاوڕێیەتی ، خزمایەتی و دراوسێیەتی ، وەفاومتمانەو ڕاستگۆیی چیدی مانایەکیان نەما ، جاران بەسەرشانی یەکدیدا دەگریاین وبۆیەک دەمردین، بەڵام ئێستا ئیرەیی کوێری کردووین وچاومان بەیەکتری هەڵنایەت، جاران نەئوتومبیل هەبوو نەتەلەفون کەچی هەواڵی یەکترمان دەزانی، بەڵام ئێستا ئوتومبیلیشمان هەیەولەجیاتی تەلەفونێ دوان وسیانمان هەیە کەچی هاوڕێمان هەیە چەندین ساڵە هەواڵی نازانین، خزممان هەیە چەندین ساڵە نەچووینەتە ماڵی ونەهاتۆتەماڵمان چونکە چارەی یەکدیمان ناوێ، کەلە ڕێگا تووشی یەک دەبین جاران دەگریاین بەڵام ئێستا خێسە لەیەک دەکەین، جاران کتێبخانەو شانۆو سینەماکان سیخناخ بوون لەخەڵک و بەخێزانی دەچووین بەڵام ئێستا هەمووی چۆڵ و هۆڵ و کافیتیریا و نێرگەلەخانەو هۆڵی حەفلەکانیش کەسێکی ترناگرێ .

جاران کچان وکوڕانی گەنجمان دەچوونە کتێبخانەو شانۆو ڤیستیڤاڵ و کۆڕە ڕۆشنبیریەکان، بەڵام ئێستا هەموو لەباڕو کافیتیریاو نێرگەلەخانەکان مەست وخومارو بەدەم گوێ گرتنی گۆرانی تورکی وبیانیەوە جۆرەها دانس فێربوون و پرسیاریان لێ بکە ناوی شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیرێکی میللەتەکەیان نازانن وئەوەی هەستی نیشتمانی وسۆزوخۆشەویستی بۆ خاک وبۆ دایک وباوک بێ نیانەوگاڵتەیان بەهەموو پیرۆزیەکان دێ شەوانەش تابەرەبەیان خەریکی چات کردنن لەگەڵ بۆی فرێندو گێڵ فرێندەکانیان لەگەڵ یاری پۆپجی سبەینێش تادوانزەویەکی نیوەڕۆ خەوتوون، لەپانزەوشانزە ساڵیدا یەکی چەند کەپڵێکیان هەیەو لەحەڤدەساڵیدا زەواج دەکەن و ناگەنە هەژدە ساڵی جیادەبنەوە .

ڕەنگەلەسەرئەم قسانە زۆرلەگەنجان لێم زویر بن وبڵێن خۆ گەنجان هەموویان وانین وگەنجی ڕۆشنبیریشمان زۆرە ، بەڵام من ئەڵێم بەداخەوە ئەوەلەئاستی پێویستا نیە وهیچ دڵخۆشکەر نیە ، من بەگشتگیری قسە ئەکەم وئەمانەکۆمەڵێک ڕاستیی تاڵن وئەبێ وەریان بگرین، مناڵانی چاوشارکێی جاران و هەرزەکاران وگەنجانی نەوەی کتێب وشانۆوکۆڕوڤیستیڤاڵ بەداخەوە ئەیڵێم ئێستابوونەتە جیلی ئایپات وحەفلەوسناپ چات و دانس و ئەستوورکردنی لێوو تاتۆو گەورەکردن و بچووک کردنی سنگ و سمت، سەنتەری جوانکاریەکان ، هۆڵی حەفلەوکافێکان سیخناخە لەخەڵک و شانۆو کتێبخانەوکۆڕەکانیش چۆڵ وهۆ ڵن، ئەمە حەقیقەتێکی زۆر مەترسیدارەو ڕاستیەکە ناتوانین لێی ڕابکەین .

جاران کتێب کەم وخوێنەر زۆربوو ، ئێستا بەپێچەوانەوە ، جاران کتێبێک پەنجائەم دەست وئەودەستی ئەکرد ئێستا پەنجاکتێبیش خوێنەرێکیان نیە ،

جاران خەڵک هێندەتامەزرۆی خوێندنەوە بوو وەسڵی ئەبرِی بۆ کڕینی کتێب ، ئێستا ڕەفەی کتێبخانەکان وشۆستەی شەقامەکان سیخناخن لەکتێبی بێنازو تۆز لێ نیشتوو کەسێک نایانکڕێ ونایانخوێنێتەوە،

جاران ئەبوایە چەندڕۆژێ زووتر بلیتمان بۆ شانۆگەری ببڕیایە تاکو یەکێک لەڕیزەکانی پێشەوەمان بەرکەوێ ، ئێستا نەشانۆ ماوەو نەجەماوەری شانۆ .

جاران ئەوەی بۆخۆمان پێمان خۆش بوو ئاواتمان بوو براکەمان، خوشکەکەمان ، خزمەکەمان هاوڕێکەمان ودراوسێکەشمان هەیبێ ، ئێستا نەخوشک لەگەڵ براو نەبرالەگەڵ خوشک ونەخزم لەگەڵ خزم ونەدراوسێ لەگەڵ دراوسێ پەیوەندی ماوەونەحەزیش بەهەبوونی ئەکات، ئیرەیی ، ڕق وکینە، بەرچاو تەنگی ، لووت بەرزی هەموومانی کوێر کردووەو بەرپێی خۆشمان نابینین .

ئێستا ڕەنگە هەندێک بڵێن تۆ کەسێکی دواکەوتوو کۆنەپەرستی و لەسەر ڕابردوو ئەژیت، منیش ئەڵێم بڕۆن گوێ لەقسەکانی پڕۆفیسۆری دەروونناس دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی بگرن وکتێبەکانی بخوێننەوە نەک هەرئەو چەندین کەسایەتی کۆمەڵناسیش بزانن ئێمە لەچ قوڕبەسەریەکدادەژین وبەچ ئاقارێکی خراپدا دەڕۆین، بزانن شتەکان چەند بەسەقەتی ئەگەنە لای ئێمەو چەندەش بەسەقەتی بەکاردێن ، بەڵێ بەدڵنیاییەوە ئێمە هەموو جوانیەکانی ڕابردوو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بەرزەکانمان دۆڕاند .

## کاریگەری دواکەوتنی خوێندن لەسەر دەروونی قوتابیان



**ئاسۆ ئیبراهیم**
**مامۆستا و هونەرمەند**

گومانی تێدا نییە کە ساڵانە و لەگەڵ نزیکبوونەوەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان منداڵان بە تایبەتیش ئەوانەی کە یەکەم هەنگاویانە و بە یەکەم پۆلی خوێندن و بینای قوتابخانە شاد دەبن بە چ شەوق و زەوق و ئارەزوویەکەوە خۆیان ئامادە دەکەن و چەندین خەون و خولیا و ئەندێشەی پڕ ڕەنگاڵەیی سەردەمی مناڵانەی خۆیان لەو جیهان و ژینگە نوێیەوە دەبینن کە پێی ئاشنا دەبن.

ئەوان هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کردنەوەی قوتابخانەدا سەرجەم پێداویستییەکانی قوتابخانە هەر لە جل و بەرگ و جانتا و تیانووسی بەرگ ڕەنگاو ڕەنگ دەکرِن بەجۆرێک کە بچوکترین کەلوپەلێک نەماوە ئەمان ئامادەیان نەکردبێت.

بەڵام مەخابن کاتێ دەرگای قوتابخانەکان لە هەندێک شوێن بە داخراوەیی دەمێننەوەو ناکرێنەوە ئیدی مناڵەکان لە ڕووی دەرونییەوە ڕۆژ بەڕۆژ تێک دەشکێن و تووشی چەندین حاڵەتی ناخۆش دەبنەوە و کاریگەری خراپ لەسەر ژیان و داهاتوویان ڕوو دەدات چونکە ئەوان لەوپەڕی هیواوە بۆ ئەو پەڕی نائومێدی دەڕۆن و کاریگەری تەواو دەکاتە سەر بواری سایکۆلۆژییان.

ناکرێت یەکەمین هەنگاوی مناڵەکانمان بە نائومێدی و ڕەشبینی دەست پێبکات چونکە دواجار هەر ئەم منداڵانەن داهاتووی گەل و وڵات دەکەوێتە ژێر دەستیان و وڵات بەڕێوە دەبەن .

بۆیە داخستنی دەرگای قوتابخانەکان جگە لە نەهامەتی و فەوتاندنی ساڵێکی خوێندنی مناڵان هیچی تری لێ سەوز نابێت.

# سۆکراتی فەیلەسووف دەڵێت قسە بکە بۆئەوەی بتبینم



## چنار عەزیز

مسعوود محەمەد لە کتێبەکەیدا دەڵێت ئایا دەوروبەر مرۆڤ دروست دەکات یان مرۆڤ دەوروبەر دروست دەکات؟ ئەم پرسیارە بە هەمان شێوە لەناو خێزاندا بەرجەستە دەبێت ئایا مرۆڤ خێزان دروست دەکات یان خێزان مرۆڤ دروست دەکات؟ لەناو خێزانەکانی ئێمەدا بێگومان خێزانی باش و سەرکەوتوو دەتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵ دابنێت و باشی و هەڵسوکەوتی خێزان بەسەر منداڵەوە تا گەورە بوون دەمێنێتەوە. واتا خێزان چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەن و پەیامە پەروەردەییەکەیان چۆن بگەیەنن، منداڵانیش بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەردا دەکەن. چونکە منداڵ تێڕادەمێنێت لەو پەیامە پەروەردەییە و بە هەڵسوکەوتی ناو خێزان و بناغەی کەسایەتی خۆی پێدادەڕێژێت. کەواتە لە هەڵسوکەوتی منداڵ لەگەڵ دەوروبەردا پەیامە پەروەردەییەکەی خێزان دەردەکەوێت کە ئایا خێزان ئەو منداڵە بۆ دەرەوەو ژیان ئامادە دەکات یان بۆناو خودی خێزان، ئایا دەتوانێت خێزان تێپەڕێنێت یان تەنیا لە چوارچێوەی خێزاندا دەمێنێتەوە و تواناکانی سنووردار دەبن؟

سوکراتی فەیلەسوف دەڵێت قسە بکە بۆئەوەی بتبینم، چونکە زمانی قسەکردن هێمایە بۆ گرنگی و بایەخی شێوازی قسەکردنی بەرامبەر. تەعبیرە لە بیرکردنەوە و کەسێتی ئاستی ڕۆشنبیری کەسی بەرامبەر. ئەوەی گرنگە لەناو خێزاندا بایەخی پێبدرێت زمانی گفتوگۆی خێزانە لەگەڵ منداڵدا و گرنگە بە هەند وەربگیرێت. لە ئاستی مامەڵەکردنی ژیان و ڕۆژانەی خێزاندا پێویستە باش و نەرموونیان بەکار بهێنرێت. بەرکەوتنەکانی منداڵ لەگەڵ دەوروبەر بە باش یان خراپ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە گفتوگۆیەی کە خێزان لە ماڵەوەدا لەگەڵ منداڵدا پەیڕەوی دەکات. منداڵ ئەوە وەردەگرێت و ئەزموونی دەکات کە لەگەڵ خێزاندا مومارەسەی دەکات، بەهەمان شێوە ئەویش لەگەڵ دەوروبەردا مومارەسەی دەکات. پەروەردەی خێزان بەردەوام لە هزرو دنیا بینی و قۆناغەکانی تەمەنی ئەو منداڵە تا گەورەبوون دەمێنێتەوە. سۆکرات وا بیری کردەوە کە ڕەفتارە چەوتەکان لە بیری چەوتەوە دێن، کەواتە ڕەفتاری باش و خراپ لە پەروەردەی خراپ یان ڕاستەوە دێن. پەروەردەی ڕاست یان خراپ ئاکاری باش یان خراپ بەدوای خۆیدا دێنێت. پەروەردەی خێزان پەیوەندی بە ناخ و هەڵسووکەوت و کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە. خۆی نابینین، وەک کارەبا وایە ڕووناکی وتیشکە دڵڕفێنەکانی دەبینین کە خواست و بیرکردنەوە و کەسایەتی و مرۆبوون دەگرێتەوە. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە زیندووەیە کە دەتوانێت بە نیشانەکانی پەروەردەی خێزان خۆی دەربخات بۆ دەوروبەر. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ویژدانی مرۆڤ بە پەروەردەکردنێکی ئامۆژگاریانە دەکرێت وانییە، چونکە منداڵ پەروەردە بە گوێ نابیستێت بەڵکو بە چاو دەیبینێت و پەیڕەوی دەکات، پەروەردە ناکرێت هەر قسەکردن و ئامۆژگاری بێت ئەمە لاوازترین ئامرازە. بەڵکو کە دەڵێین بە چاو دەیبینێت مەبەستمانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دڵسۆزی و تووڕەیی و خۆشی و ناخۆشی ناو خێزان دەبینێت و ئەویش پەیڕەویان دەکات لەگەڵ دەوورووبەر. ئەرکی گەورەی دایک وباوک بە هەڵسوکەوتەکانیان بنیادنانی کەسایەتی منداڵە تا کەسایەتییەکی بەهێز و کارامەییان لێدروست بێت، دواتریش کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دروست بەرهەمبهێنن. کۆمەڵگەی مەدەنی و دروست دەبێت تاکەکان وەک یەک لە سایەیدا یەکسان بن و خاوەن یەک بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆڤی بن. کەواتە خێزان دڵی پەروەردەیە، چونکە پەروەردەناسی بناغەیین و تایبەتمەندن بۆ بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ، بەڵام چ کەسایەتییەک؟ بۆچی ئەو کەسایەتییە بەرهەمدێنن؟ ئایا ئەو کەسایەتییە ئامادە کراوە بۆناو کۆمەڵگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختییەکانی ڕۆژگار؟ ئایا چ قورساییەک و چ ڕۆڵێکی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا؟

خێزان منداڵان پێدەگەیەنن تا ئامادە بن لە گەورەبوونیاندا تێکەڵ بە کۆمەڵگە بن، ئەمەش شارەزایی و هۆشیاری خێزانی پێویستە. و چاودێر و بەرپرسن لە ڕووی پێدانی خواردەمەنی تەندروست وجەستەی تەندروست و دەروونی ئارام بۆ منداڵەکەی. هەروەها خەرجی پێداویستییەکانی منداڵەکەی.

# کورد و هەلی مێژوویی



## دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز

سەراپای ژیانی گەلان، هەمووی لە هەلی مێژوویی پێکهاتووە. لەبەرئەوە هەر گەل و سەرکردەیەک، کەمێ هۆشی هەبێ و تاڵی سپی لە تاڵی ڕەش جیاکاتەوە، هەر هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوت، باوەشی بۆ نەکردەوە، لە بارە خودیی و بابەتییەکە تێ نەگەیشت، ئەوا ئەو هەلە زێرینە لەکیس خۆی دەدا و جارێکی دیکە، وا زوو لە دەرگەی ناداتەوە. چونکە دوور نییە، هەر هەلێکی وا لەبار و گونجاو، سەد ساڵ جارێ بۆ ئەو گەلە بندەسە هەڵکەوێ!

بۆ نموونە: لە مێژووی گەلی باشووری (کوردستان)دا، باشترین هەل بۆ کورد هەڵکەوتبێ، بۆئەوەی داوای سەربەخۆیی تەواو بکا و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ. ساڵی (2003) بوو، کاتێ هێزەکانی هاوپەیمانان، پەلاماری (عێراق)یان دا و لە ماوەیەکی کەمدا، دەسەڵاتی (بەعس)یان، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشا. بە تایبەتی هێشتا دەوڵەتی (عێراق) دانەمەزرابووەوە، هێزەکانی عەرەبە شیعە و سووننەکان، لەنێو خۆیاندا ناکۆکبوون و سەر کوردیان نەدەپەرژا. ئا لە ئەو کاتەدا دەبووایە، بە پشتیووانی بەرەی خۆراوای سەرکەوتووی براوەی جەنگ، داوای جیابوونەوەیان بکردایە، یا گشتپرسێکی گشتییان، بە سەرپەرشتی دەزگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکردایە. نەک دروشمی (عێراقی نوێ) و (عێراقی هیوا و ئاشتی)یان بەرزکردایەتەوە و جارێکی دیکە، کێشەی کوردیان لە کێشەیەکی نێوچەیی، هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتییەوە، بکردایەتەوە بە کێشەیەکی نێوخۆیی (عێراق)ز

2023 .9 .28

تێبینی :

ڕۆژی (27. 12. 2003)، لە (دووکان) لە هۆڵی (شەهید عەلی عەسکەری)، لە کۆڕێکی گەورەدا زۆر بە ڕاشکاویی، ئەم بابەتەم لەگەڵ (مام جەلال) باسکرد. بەڵام ئەو مێش میوانی نەبوو، چونکە ئێمە دوو دیدی جیاوازمان هەبوو! کۆڕەکەش (مەلابەختیار) و دوکتۆر (ڕەووف عوسمان) بەڕێوەیاندەبرد. ئەم باسەشم ساڵی (2009)، لە پەرتووکی (هێندێ پەتای کوردکوژە) ل (120) نووسیوە.



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان




## بەختیار سەعید
## نیاز عوسمان


- 1973 لەژاژڵەی شارباژێڕ لەدایك بووە.
- 1994 بەشی پەروەردەی هونەری لەپەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی تەواو کردووە.
2008 بەشی شێوەکاری کۆلیژی  هونەری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە .

پێشانگا هاوبەشەکان


1989پێشانگای خوێندکارانی دواناوەندی کاژاو .
1992پێشانگای پەیمانگایمامۆستایانی سلێمانی .
1993پێشانگای  پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی .
1996پێشانگای مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا لەهۆڵی  مۆزەخانەیسلێمانی .
2000پێشانگای پۆستەر  (جینۆساید ) لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان .
2001پێشانگای پۆستەر  (ئەنفال )  لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان .
2002پێشانگای پۆستەر (تیرۆر )  لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان .
2003پێشانگای پۆستەر (نەهێشتنی نەخوێندەواری ) لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان .
2005پێشانگای شێوەکاری کۆلیژی هونەری سلێمانی  لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە.
2006پێشانگای (بینینی منداڵ وداهێنانی هونەرمەند ) .
1 /2008/11پێشانگای مامۆستایانی هونەرمەندانی شێوەکار  لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە .
12/21 / 2008پێشانگەی شێوەکاری سلێمانی (هەفتەیەك بۆ ئەدەب وهونەر و ڕوناکبیری ) لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە .
20 /4 /2009پێشانگای (دەیەمین پێشانگای هونەرمەندانی سلێمانی ) لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە.
15 /11 /2009پێشانگای  بەڕێوەبەرێتی هونەری شێوەکاری ( 78 شێوەکار ) .
/2009/11پێشانگای  هونەرمەندانی کوردستان لەگەلەری دهۆك .
13 /1 /2010پێشانگای مامۆستایانی شێوەکار  لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە .
13 /7 / 2010پێشانگای پێنجەمی مامۆستایانی شێوەکار  لەهۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنە سورەکە .
26 /6 /2010پێشانگای سەنتەری ڕۆشنبیری هیوا  لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە .
13 /10 /2010پێشانگای سەنتەری ڕۆشنبیری هیوا  لە هۆڵی شانەدەر لە هەولێر .
6 /4 /2011پێشانگای هونەرمەندانی کوردستان لە گەلەری دهۆك .
13 - 16 /4 / 2011  پیشانگای تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێماني









## محەمەد عارف جزیری

یەکێک لە هونەرمەندانی باکووری کوردستان محەمەد عارف جزیرییە، لە ساڵی 1921 لە جزیرا بۆتان لەدایک بووە، کە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هونەری خوی لە باشووری کوردستان بووە. عارف لە تەمەنی 13ساڵی بە تۆمەتی سیاسی لە تورکیا دەستبەسەر دەکرێ و لە بەر تەمەنی کە کەم بووە ناتوانن تۆمەتەکانی بەسەردا ساخ بکەنەوە سەرەڕای ئەمەش ماوەی 5ساڵ لە زینداندا ڕایدەگرن، دواتر لە تەمەنی 18 ساڵی دەچێتە بەغدا و لەوێ لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا دەست بە کاری هونەری خۆی دەکات.

محەمەد عارف کە بە بابێ کەریم ناوبانگی دەرکردووە دوای بەغدا دەڕوات بۆ زاخو و دهوک و ئاکرێ و لەو ناوچانەدا لەسەر کارە هونەرییەکانی بەردەوام دەبێت، ساڵح ئامێدی هونەرمەند کە یەکێک لە هۆگرانی دەنگی ئەم هونەرمەندەیە و لە زۆربەی بۆنە و دانیشتنە هونەرییەکاندا تەقلیدی دەنگێ محەمەد عارف دەکات و سترانەکانی دەڵێتەوە، ئەو دەڵێت: کە محەمەد عارف توانی بووی بە دەنگێ زەلالی خۆی و گۆرانی یەکانی زەوق و کەیفێکی تایبەت بۆ گەلی کوردستان لە ساڵەکانی بن دەستی ڕژێمی بەعس درووست بکات و من سەربەرزم کە بەو کارە هەستاوم.


لە زۆر بۆنەدا لەگەڵ عیسا بەرواری و محەمەد عەلی دەرکەوتووە، محەمەد عارف کەسێکی نەخوێندەوار بوو و شارەزای زمانی تورکی و عەرەبی بوو.

هەتا ئەو سەردەمەش لە دەڤەری بادینان بە گشتی و لە ئاکرێ بە تایبەتی، بابێ کەریم هەوادار و گوێبیستی خۆی هەیە و دەنگێکی نەمرەم لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی خۆی بە سەعید شوکری کە ئەویش هۆگرێکی دەنگی محەمەد عارفە وتبوو: کە من سترانم بۆ بابت وتووە بۆ تۆشی دەڵێم و دوای تۆ منداڵەکانیشت دەبنە هەوادار و گوێگری دەنگی من.

کەمال ئاکرەیی و ئیسماعیل ئاکرەیی دوو بەرگدرووی شارۆچکەی ئاکرێنە کە ئەوانیش بە بەرگدرووی محەمەد عارف بەناوبانگن دەڵێن: وەختێک لە بابێ کەریم گۆرانی دەڵێت دڵ و هەناوی مروڤ ئاگر دەگرێت و هزر و بیرمان دباتە دنیایەکی تر. هەتا ئێستاش ئێمە لەگەڵ دەنگی ئەو دەژین.

بە داخەوە لە 17-12-1986 لە شاری دهۆک ماڵئاوایی یەکجاری لە ژیان کرد و ئارامگەی لە گۆرستانی شاخکێی دهۆکە.

محەمەد عارف جزیری نزیکەی 1200 گۆرانی وتوونە و 60 کاسێتی بڵاو بوونە، گولێ مەحروومێ، شەڤێن نیسانا، خەزال، خرابۆ، پسمامۆ، دیاربەکر، یاردلوو، ئەز خەزالم، بێریڤانێ، چیایێ کوردستانێ، بەفر بارێ، حەسەنیکوو، چیایێ شنگالێ، باڤێ فەخری، کوچەرێ و ..... بەشێکن لە سترانەکانی هونەرمەند.




کوردپیدیا




# ئەمڕۆ لەمێژوودا ، کامەران موکری لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا 37 ساڵ پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد

## ژیان. و ڕۆژگارەکانی

بنەماڵەی (محمد ئەحمەد تەها ) ناسراو بەکامەران. موکری ، بنەچەیان دەگەڕێتەوە ناوچەی موکریان. لە دواتر ماڵیان گواستووەتەوە پشدەر و لە دواییدا هاتوونەتە سلێمانی و لەوێ ژیاون. کامەران برای شاعیری کورد ئەخۆڵە لە دایکەوە.

لەساڵی 1929 لەگەڕەکی دەرگەزێن لەسلێمانی لەدایك دەبێت

سەرەتا خوێندنی شەش ساڵی قوتابخانەی لە سلێمانی تا پۆلی کۆتایی ئامادەیی بوو، بەڵام بەهۆی چەند هۆیەک تەواوی نەکردووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩ گیراوە. ماوەی نزیکەی شەش ساڵ (١٩٤٩-١٩٦٣) لە بەندیخانە جیاوازەکانی عێراق بردووەتە سەر. لە پەنجەکانی سەدەی بیستەممدا لە بەندیخانەیەک ڕزگاری بووبێ یەکێکی دیکە چاوەڕێی کردووە. لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی بەغدا دەستی کرد بەجموجۆڵی خوێندەواری. لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی نوێ بوو لە سلێمانی. لە دوای کودەتا فاشیستییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و بەدرێژایی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەنگی کامەران کپ بوو، وەکو زۆربەی ڕۆشنبیرانی تر. لە دواییدا لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی بەمامۆستای موحازیری ئەدەبی کوردی دامەزرا. تا کۆتایی ژیانی لەسەر ئەم کارەی مایەوە. لەکاتی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی (١٩٨٢) بۆ هەولێر و گۆڕینی ناوی بۆ زانکۆی سەلاحەدین کامەرانیش ماڵی گواستەوە هەولێر. لەبەرواری (٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦) لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە.

کامەران موکری، لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتەی شاری سلێمانیدا بەشداری کردووە و هەمیشە پێشەنگ بووە. هەر لە خۆپیشاندانەکانیشدا یەکەم کەس بووە کە شاری سلێمانی ناونا (هەڵمەت و قوربانی)، کاتێک لە خۆپیشاندانی سلێمانی دژی پەیمانی (پۆرتسمۆس) وتارێکی بە دەنگی بڵند خوێندەوە و وتی: "ئەی جەماوەری بەشەرەفی شاری هەڵمەت و قوربانی."

لە بواری وانە وتنەوەدا توانایەکی لێهاتووی هەبووە، ئەگەرچی پلەی خوێندنی ئامادەیی بووە، بەڵام بەهۆی زیرەکی و لێهاتویی بۆ ماوەیەکی زۆر کراوەتە مامۆستای ئەدەب لە بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی و دواتریش لە زانکۆی سەلاحەدین.

تا ئەو کاتەی لەژیاندا بووە حەوت دیوانی شیعری چاپکراوە، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٧٢، دیارترین دیوانەکانی (ئاشتی، دیاری، ئاگر و ژیلە و گوڵاڵە سوورە)ن، وە لە دوای مردنیشی لە ساڵی ١٩٨٧ سەرجەم شیعرەکانی لە کتێبێکدا بەناوی (کامران موکری) کۆکراوەتەوە و لە چاپ دراوەتەوە. سەرەڕای کاری شاعیری "کامران موکری چیرۆکنوسیش بووە.

داڕشتن. و ئامادەکردن : ئامانجی مامۆستا عومەر.

# خالید ڕەشید



لەعەزرەتی کوردستان وولاتان بنیات نران کەجی کوردستان بەوێرانە چوو،پەندێکی کۆنی کوردی .

گەل گامێش=کەڵە گامێش یاخو گەلە گامێش .ئێمە بەهۆنراوەی سروودی ئەی رەقیب دوای میژووی خۆمان کەوتین کەچی سێ هەزارساڵ زەرەرمان کرد، چونکە میژووی بونمان لەسەر ئەم خاکە زۆر کۆنترە لەسەردەمی ماد. یەکەم دەولەتی شارستانی لەجیهاندا لەسەردەستی کوردە سۆمەریەکاندا لەئورک یاخود ئیراقی ئەمرۆ دامەزراوە کەباکور تا باشوری ئیراق ولاتی سۆمەریە کوردەکان بوە .یەکەم جار کەنوسین بوە کولتورو لەسەر تاشە بەردەکان نوسرا هەر لەکوردستاندا بوو،دروست کردنی شار،ئالەتی موزیک،یەکەم بەرهەمی ئەدەبی لەجیهاندا داستانی کەڵە گامێش بوو کەگەلگامێشە ،هەرچی داستان هەیە لەجیهاندا بە پەرتوکی تەوراتو ئینجیلو هەزارو یەکشەوەشە لەداستانەکەی کەڵەگامێشی خۆمان وەرگیراون ،ولەهیچ زمانێکی دەورو بەردا چ عەرەب کەخۆیان کردۆتە خاوەنی چ تورک چ فارس چ ئاشوری ئەو ناوە هیچ مانایەکی نیە لەزمانەکەیاندا ،تاکو ئەمرۆش کورد بە گامێشی نێر ئەلێت کەلەگامێش بەمێینەکەی دەلێت مانگاو بەنیرەکەی .دەوتریت گا،جا گەلە گامیشیش بەمانای کۆمەلیک گامیش پێکەوە ،کەدور نیە ئەو پادشایە هیندە بەهیز بوبیت سیفەتی یەک گەلەگامیشیان دابیتە پال ناوی،ئەوە کازم ساهیری دەنگبیژی ئیراقی دوا بەرهەمی لەسەر داستانی گەلگامشە لەکاتیکدا یەک عەرەب وجودی نەبوە لەئیراقدا لەو سەردەمەدا تا جەند سال لەمەوبەریش.لەکوردستان نەبون لەباشوری ئیراقیش وەکو کۆجەر لەچەند سەدەی پێشووەوە هەروەکو تورکەکان هاتوون دایان کوتاوە،سەرتاپای دنیایان پر کردوە لەو درۆیەی کەگوایە ئەولادی سۆمەرو بابلو ئەکەدن،بەلام راستیەکەی ئەوەیە کەتازەترین لیکۆلینەوەی دی ئین ئای لەزانکۆیەکی ئەمەریکی دەری خستوە کەکوردستانی ناوەند و زمانی سۆمەری جگە لەوەی هەمان زمانی کوردی ئیراقە ،رەگەزی ئەو خەلکەی کەماویشن هەمان دین ئین ئای سۆمەریەکانە،بۆیە کار کردن لەزانکۆکانی کوردستان و دوبارە گیرانەوەی ئەو شارستانیەتە ئەرکی سەرشانی هەموو ناوەندە زانستیو کولتوریەکانە بەشیوازیکی زانستیو خاوەندارێتی لەو شارستانیەتەی کە٣هەزار ساڵ بەردەوام بوە کەدریژ ترین ئیمپراتۆریەتی شارستانیەتە لەجیهاندا وەیەکەم دەولەتی شارستانی بووە لەسەر گۆی زەوی .بەبەراورد بەئەوروپا کەجەند سەدەیەک بونەتە ناوەندی شارستانیەت،،،،،تیبینی هیوادارم کاک سۆرانی حەمە رەش پینجوینی ئەم بابەتەش بکاتە کتێبیک خێریکی باشی لی بکات بەلام ئەم جارە با ناوی سەرچاوەکان بنوسێت ئاودیو نەکات خۆ ئەمە سنوری پێنجوین نیە ئاودیوی بکەی،کەلەم میژووی بزرەی کەنوسیبوتانە ،ئاماژەت بەئەرکو ماندوو نی کەس نەکردوە هاتویت بەبێ هیچ پسپۆریەک لە بوارەکەدا بابەتەکانی ئیدریس پیریو،بەندەو جەندان کەسی دیکەتان بەناوی خۆتانەوە تۆمار کردوە،هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

وینەی خوارەوە پەیکەری فرۆکەو فرۆکەوانێک کەلەکوردستان دروست کراوە ٣هەزار سال پێش ئەوروپاو ئەمەریکا بیرۆکەی فرین بەفرۆکە، خودی گەلگامش کە لەداستانەکەیدا سالەهای سال بەداوای نەمریدا گەراوەو جیهانی تەی کردوە ،تازەترین لیکۆلینەوەی ئەمرۆی جیهان هەر لەسەر ئەوەیە کەچۆن تەمەن دریژ بکریت ونەمری بەدەست بیت. وشەی سۆمەریو کوردی کار بەسۆمەری =کار بەکوردی ئەمرۆ



راست بەسۆمەری=راست بەکوردی

چیا بەسۆمەری =چیا بەکوردی

مامر بەسۆمەری =مامر،مریشک

مەست =مەست

گۆر=گۆر

باپیرە=باپیرە

دار=دار

برا=بیرا

جا گەر ئەمە هەموو وشە سەرەکیە سۆمەریە کوردی نەبێت .کەپێنج هەزار ساڵە هەمان وشە بەکار دەهینین وەکو خۆیان ،گەر ئەمە سەرچاوەی زمانی کوردی نەبیت مانای درۆیە زمان رەچەلەک لەجیهاندا،حەوت ساڵ لەزانکۆی ستۆکۆڵم لەسوید لیکۆلینەوەم کرد،لێکۆلینەوەم لەسەر میدیەکان بوو بەدریژایی ئەو هەموو ساڵە نەم توانی ١٠وشەی لیکچوی کوردی مێدی بدۆزمەوە،ماوەیەک کەوتمە گومانەوە کەئەم مەسەلەی میدیایە چاڵیکە دەولەتانی داگیر کەر بۆیان هەلکەنوین بۆ ئەوەی هیچ تێ نەگەین لەخۆمانو هەر برۆینو هاوار بکەین بلیین ئیمە میدینو یەک وشەی میدیش نەزانین یا مەسەلەی زەردەشت بازییان بۆ هینایین کە هەری لەبری ناکەینەوە یەک وشەش لەئاڤیستادا لەزمانی ئیمە ناچیت ئەمەش بۆ مەبەستی داگیر کردنمان هاتۆتە کایەوە،کەزیاتر لەئیرانی مزەوەر نزیکمان بکەنەوەو بلین سەر بەخۆمانن، مافی ئەم نوسینە پارێزراوە

.خالید رەشید


لەسەدەی هەژدە لەسەردەمی شا نەسرەدینی گۆر بەگۆر لەئیرانی ئەمرۆدا دزی وفەسادی گەیشتبوە ترۆپک هەر هەموی دزی دەکرد،سەرۆک وەزیرانیک بەنازناوی ئەمیر کەبیر پەیدا دەبیت، دێتو دزی لەو ولاتەدا بن بر دەکات، کاتێک لێی دەپرسن چۆن توانیت دزی کردن لەناو بەریت؟ لەوەلامدا سەرۆک وەزیران وتی من خۆم دزیم نەدەکرد نەشم دەهێشت جێگرەکەم دزی بکات ئەویش بەبەشی خۆی رێگری لەو بەرپرسەی خوار خۆی دەکرد کاتیک ئەم کارەی من کردم شۆر بۆوە بۆ ناو هەموو دەزگاکان هەرکەس لەپیگەی خۆیەوە بوبوە چاودێر بەسەر جیگرەکەی خۆیەوەو هەمویان لاسایی سەرو خۆیان دەکردەوە بەو جۆرە دزی نەما ،خۆ ئەگەر وام نەکردایە هەمومان دەبوین بەدزو دزیش خۆ خۆی خۆی ناگرێت.و خۆی بدات بەدادگا.

وەرگیراوه



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان.
هەناسەی پڕ بوو لەبۆنی ڕازییانەو ،چەپکێ ڕەیحانەی لەلا گیرفانی خەباتی نابوو پشتێنەکەی بۆنی گیاقەیتەران و بەیبونی لێئەهات ،تێشووی نانە ووردەو گوڵە گەنم هەتاوی لێنەدەبڕا ،بە دەم توولەڕێی خەباتەوە لایلایەی بۆ هیلاکی بەورێک ئەکرد ، هەنگاوەکانی دەنگە تەزبیحی دەستی مەلای گەورە بوو لە شیعرێکی حاجی قادردا نەدەسرەوت هەڵمەتی هەمیشەیی بوو ،بۆ خەنە بەندانی شۆڕە بی خوێنی جۆشی ئەدا .
کاکە ئاراس مامەند عوسمان لەناحیەی تەق تەق لەگوندی شیوەجان لەساڵی ١٩٦٨ هاتۆتە دنیاوە لە هەمان گوند چۆتە قوتابخانە.
ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەشتی کۆیەوە کردووە.
ساڵی ١٩٨٥ دێتە شاخ و ساڵی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگەپەیوەندی بەکەرتی ٣ سێی تیپە قارەمانەکەی ٩٣ ی کۆییەوە کردووەو ،بەشداری شەڕەکانی قەیوان ماوەتی کردووەو پێشمەرگەیەکی قارەمان و لە خۆ بووردو تێکۆشەر بووەو جارێک بریندار کراوەو، مخابن لە ڕێکەوتی ١٩٨٧/٠٩/٠١ لەهرشێکی ٢٠ ڕۆژەدا بۆ زنجیرە شاخی کەڵکەسماق گیانی خۆی کردە قوربانی نیشتیمان و بووە هەڵۆیەکی ئاسمانی نیشتیمان و بۆ هەتایە یاخی و هاوڕێی کلووە بەفرو پروشە،ڕەوانی بەرزەفری شادو یادی پیرۆزی بەخێر /ڕزگارەسوور






# گۆڕەویەکانی خاڵە بەکر

وێنەکە ساڵی ١٩٨٧ دەشتی مەروێ سەر چەمی زەڵێ ،لە چەپەوە نەمر بەکری حەسەن قادر ....کەریمە سوور / هاوڵاتیەکی زەڵێی ناوچەی بانە بوو ،....خۆم رزگار ....ڕەوانشاد خاڵە بەکر .....عەلی ناز .....نەمر حاجیە سوور .....ئاوات
لە ساڵی ١٩٨٧ سەربازو هێزی ئێرانی هاتنە شانەخسێ و مەروێ ،بوو بە جێگەی هێرشی ئێران و عێراق بەتۆپ و تەیارە ئێمە لە دەشتی مەروێ بوین ،هێرشەکان زۆر بوو ، شۆفڵی ئێرانی لێبوو ،تکامان لێکردن بن گابەردێکمان بۆ هەڵدرن ،دوایش خۆمان بەپاچ و خاکەناز کردمان بە کونە تۆپێکی دڵگیر ئەو کاتە خۆشترین سەیرانگا بوو ،هێرشەکان زیادی کرد هەرچەند کوونە تۆپەکە بەس بۆ خۆ شاردنەوە بوو دوایی بووە ،مەسکەن تەنها خەفەر ئەوەی خواردنی دروست ئەکرد لە دەرەوە بوو،ئەوانی تر لەناو ئەم کونە تۆپەدا بوین، ٢٤، سەعات ،بەردەوام بۆردومان بوو ، هەموو کە حەوت کەس بوین .دیارە هەموو برادەرانی ناو ئەم وێنەیە نەبوین هەر لەو کوونەتۆپەدا ئەنوستین ،نانمان ئەخوارد ،جێی دانیشتن بوو بە مەجبووری تیای ئەنوستین ،یەکەم شەو ویستمان بنونوین ،برادەرێک سەری کەوتە سەر قاچی خاڵە بەکر .ووتی باوکەرۆ خاڵە بەکر بۆنی گۆڕەوی کوشتمی ،خاڵە بەکر ووتی بنوو بنوو بەقوربان بەیانی گۆڕەویەکانم ئەشۆم،برادەرەکە ووتی خاڵە بەکر تا بەیانی بەبۆنی گۆڕەوی نیوە مەرگ ئەبم ماڵتم ئاوا کرد چی بنووم ، بۆنی لەکیمیایی خراپترە ، بەڵام بەناچاری دەبوو بنوین /ڕزگارەسوور





# پەرتەوازەیی کوردو کەرکوک لە لێواری دوراندندا



شاهۆ پالانی
سایتی ئاوێنە

زۆر سەیرە، کورد تاکە نەتەوەیە کە وانە لەمێژوو وەرناگرێ، هەموو ڕووداوەکانی ڕابردووی دوورو نزیک، شکستەکان، ئاکامەکانی شەری ساردو گەرمی ناوخۆی کوردو کورد، تەنگژەو ڕەوشی ناوچە کوردستانیە کێشەلەسەرەکان، هەر لەخانەقینەوە تا شەنگال. هەموو ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە تاکە ڕێگەیەک بمانگەیەنێنە وێستگەی گەیشتن بەئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، تەنهاو تەنها کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی و یەکخستنبی تواناکانە.

بەڵام ئەقڵیەتی دیماگۆجی و تاکڕەوی وبیری تەسکی حزبایەتی هێشتا زاڵەو پانتایی لۆجیک و خوێندنەوەی وردی واقعیانەی بۆ پێشهاتەکان یەکجار تەسک کردۆتەوە، لەلایەکی ترەوە لادان لە دیموکراسیەت، سیستەم و دامەزراوەیی حزبی بەئاڕاستەی بەرژەوەندیە نیستیمانیەکان و گۆڕینەوەی بە کولتوری زاڵکردنی هەژموونی بنەماڵەکان بەسەر حزبدا لەباشوری کوردستان، هێندەی تر دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوەو پاشەکشەی بەدۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردوە، لەم سۆنگەیەشەوە ڕایەڵەکردن وگۆشکردنی ئەندام و کادرانیان بەئاڕاستەی ململانێ ناوخۆییەکان بۆتە کاری لەپێشینەو بەجۆرێک، ئامانجە نەتەوەیی ونیشتیمانیەکان لە دروشمێکی بریقەداری هەڵخەڵەتێنەر شتێکی تر نابن و کۆششەکان تەنها لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەکاندا ماشینەئاسا بەگەڕدەخرێن.

دەنا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ کورد لەم کات وساتەدا، بەتایبەتی لە کەرکوک وناوچە کوردستانیە کێشەلەسەرەکاندا یەکجار چارەنوسساز بوو، سادەترین مرۆڤی کورد ئەو ڕاستیەی دەبینی و لەوە تێدەگەیشت، کە سەرکەوتن لەم پرۆسەیەداو ئیسپاتکردنی کوردستانی بوونی کەرکوک، تەنها لەڕێگەی یەکدەنگی ویەکهەڵوێستی دەگاتە ئامانج، ئەدی بۆچی سەرکردەی حیزبەکان ئەمەیان نیەبینی و خوێندنەوەی واقعیانەو لۆجیکیان بۆی نەبوو؟ یان ململانێکانی نێوانیان هێندە تۆخ بوو، بەجۆرێک ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەیی یەکانیان بۆ کردە قوربانی.

خۆ ئەگەر بەرژەوەندی وئامانجەکانیان لەبەرچاو گرتباو مەترسیەکانی دەرەنجامەکانیشیان بەهەند هەڵگرتبا، دەبوایە لەم هەل ومەرجەدا هەموو ناکۆکیەکانیان هەڵپەساردباو هەرهەموویان بەیەک لیستی کوردستانی بەژداری هەڵبژاردنەکانیان کردبا، کە ئەنجامی دەنگەکان و ژمارەی کورسیەکانیش بەشێوەیەکی تر دەبوو، بەم فرەلیستی وپەرتەوازەییە دەنگێکی زۆر بەفیرۆ ڕۆیشتوە کە بەشی دوو کورسی تری دەکرد، جگەلەوەش هۆکاری پەرتەوازەیی کاریگەری نەرێنی لەسەر سایکۆلۆجیەتی خەڵک دروستکرد، بەجۆرێک خەڵکی دەنگدەری نائومێدکردو ساردی کردنەوە لەوەی بەگوڕو تینەوە بەژداری هەڵبژاردنەکان بکەن. خەڵک ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە، کە سەرکردایەتی کورد دۆزی نەتەوەکەیان ئەوەندە لاگرنگ نیە بەقەد ململانێکان لەپێناوی هەژموونی حزب و بەدەستهێنانی پلەو پۆستی زیاتر بۆ خۆیان، دەرەنجامەکەشی ئەوەی لێکەوتەوە، کە ٤٠ بۆ ٥٠% ی دەنگدەران بایکۆتی هەڵبژاردندەکان بکەن ودەنگ نەدەن. بەمەش زیانێکی گەورە بەدۆزی سیاسی و مێژوویی کوردستانی بوونی کەرکوکو ناوچەکانی تر گەیاند.

سەرەرای هەموو ئەمانەش خەڵکی کورد ئومێدی ئەوەیان لەدەستداوە، کە دەسەڵاتی کوردی بتوانێ خزمەتی شایستە بەم ناوچە کوردستانیانە بکات، ئەزموونی سی و دوو ساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی پشتڕاستکردەوەو نیشانی دابوون، کە چ جۆرە حوکمڕانیەک لەهەرێمی کوردستان گوزەراوەو تا ئێستاش دەگوزەرێ، بەجۆرێک دوای ئەم هەموو ساڵە دۆزی ڕەوای میللەتێک هێندە بچووک بکرێتەوە، کە خۆی لە موچەو بژێوی ژیانی هاوڵاتیانی دەبینێتەوەو گەرمترین چالاکیەکانی وەفدی حکومەتی هەرێم، لە سەفاو مەروای نێوان هەولێرو بەغدان، تەنها بۆ بەدەستهێنانی موچەی هاوڵاتیان، ئەویش بەقەرز!!



# شاری قەڵاکان لە باکووری کوردستان

شاری ئەندرین، یەکێکە لە ناوچە مێژوویی و سەرنجراکێشەکانی باکووری کوردستان، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر قەڵای شوێنەواریی لە خۆی کۆکردووەتەوە.

بە دووری 60 کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری ئەندرین لە پارێزگای مەرەش (گورگوم)، کۆمەڵگەیەکی مێژوویی هەیە کە بە نزیکەیی لە 70 قەڵای بچووک پێکهاتووە، 26یان لەناو لیستی کەلەپووری-شوێنەواری تورکیا تۆمارکراون.


کۆنینەیی ئەم کۆمەڵە قەڵا مێژووییە بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە و بە پێی گوتەی سەرچاوەکان زۆربەی ئەم قەڵایانە مێژوویان بۆ پێش سەردەمی ڕۆمانی دەگەڕێتەوە و لەسەر ڕێگای ئاوریشمی کۆن دروستکراون.

لە بەناوبانگترین قەڵاکانی ئەم کۆمەڵگە مێژووییە، دەتوانین ئاماژە بە قەڵاکانی کوکوکوستونتێپێ، ئەزگیت، مێریمسیل، ئەکالێ و هاشترێن بکەین.

پسپۆڕانی بواری مێژوو و شوێنەوار لەسەر ئەم بۆچوونەن کە ناوچەکە ماڵی شانشینی مامایە، کە لەنێوان ساڵانی 1974 بۆ 1719ی پێش زایین فەرمانڕەوایەتی دەکرد.

لێکۆڵەر و نووسەری بواری مێژوو و شوێنەوار سیل چێنکەر لەمبارەیەوە دەڵێت: تیمی ئێمە ماوەی 13 ساڵە لێکۆڵینەوە لە قەڵاکانی ناوچەی ئەندرین دەکات و لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم ناوچەیە، هەمان ئەو ناوچەیەیە کە چەندین شارستانییەتی تێدا ژیاوە، هەروەها وەک ناوەندێکی بازرگانی ناسراو بووە.

کوردپیدیا



# دادگای فیدراڵی بۆچی ئامادە دەکرێت؟!



د. کامەران مەنتك

2023\12\12

لە ماوەی 32 ساڵی رابردوودا، تەنانەت لەگەرمەی شەڕی ناوەخۆشدا، هەرێمی کوردستان بەو ئاستەی ئێستا لاوازو پەرتەوازە نەبوو، راستە هێزەکان سەنگەرییان لەیەکتر گرتبوو ورۆژانە خوێنی گەنجی کورد بە فیرۆ دەڕژا، بەڵام خەڵکی هەرێم هەرگیز وەك ئێستا بێ هیوا نەببوو، بێهیوای خەڵکی هەرێم جگە لە دەرهاویشتەیەکی ئاسایی ئەو رەوشە سیاسی وئابوورییەیە، کە دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنی کوردی دروستی کردووە، سەرئەنجامی ئەو شەڕە دەروونیەشە، کە بەشێنەیی ولەئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتییدا دژ بە خەڵکی کزوردستان پیادە دەکرێت!

ئەو بێمتمانەیی وبێهیواییەی هەیە، کە زۆرینەی تاکی کوردی گرتۆتەوە، دۆخێکی دروست وای گوراندووە، خەڵك لەجیاتی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە چۆن یەکدەگرێت، خۆی چارەسەری کێشەکانی خۆی دەکات بەرەو روو ئەو ئالنگارییانە دەبێتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بەدەستی خۆی نیری کۆیلایەتی دوژمنان جارێکی تر بخاتەوە سەر ملی خۆی! خەڵك هەرێم وەك نێچیرێکی لێهاتووە، کە بۆ قومێك ئاو دەیەوێت دەستی راوچییەکەی خۆی ماچ بکات، هەرچەندە دەزانێت، کە راوچییەکە، دوای ئەوەی ئاوەکەی دەداتێ، یا سەری دەبڕێت، یاخود دەیفرۆشێت!

ئەو بێتمانەیی بە خودبوونە، نەك تەنیا خەڵکی ئاسایی، بەڵکو ئەو بەناو رۆشنبیرو نارازی وئۆپۆزسیۆنە ساختەشی گرتۆتەوە، کە خۆیان وەکو فریادرەس لە سەرشانۆکە نمایش دەکەن، دیارە یەکێك لەو ئامرازانەش، کە بەشانازییەوە پەنای بۆ دەبەن، دادگای فیدراڵی ئێراقە، دەیانەوێت ئەو دادگایە بکەن بە مەرجەع وبۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم پەنای بۆ ببەن، وەك ئەوەی ئەو دادگایە جیاواز بێت لەو هاوکێشە سیاسییانەی، کە ئەمڕۆ لە ناوچەکە دەگوزەرێت!.

زۆر روونە، کە هیچ دەزگایەك نییە لە ئێراق، بە حزبی نەکرابێت، تەنانەت خودی ئەو دادگایەش لەسەر بنەمای تایفی ونەتەوەیی دابەش کراوەو هەرچەندە بەناوییەکێتی وپارتییەوە سووچێکی بێبەها لەقوژبنێکی ئەو دادگایە بۆ کورد دابینکراوە، بەڵام بەوردی سیاسەتی دژەبەرەکانی کورد جێبەجێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتمەداران وهێزەکانی کوردی، بە ساویلکەییەوە خەریکە دەیکەن بەمەرجەعێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەخۆی هەرێم، ئەمەش لوتکەی پووچ بوون وتێنەگەیشتنە لە خودی کێشەی میللەتەکەی خۆیان، کە لەبنەڕەتدا کێشەیەکی یاسایی نییە،بەڵکو کێشەیەکی سیاسی جیۆستراتیژییەو بەداخەوە ئەمڕۆ گۆڕانکارییە جیۆستراتیژییەکانیش لە بەرژەوەندی کورد وەرنارچەرخێت.


خەریکە دادگای فیدراڵی هەموو ئەو دەزگا نیشتمانییانە هەڵدەوەشێنێتەوە وکار بۆ هەڵوەشانەوە ئەوانەش دەکات، کە تا ئێستا ماوە وبەری رەنجی دەیان ساڵەی مرۆڤی کوردە، وەك پەرلەمان وئەنجومەنی پارێزگاکان و ... هتد، خەڵکیش بە شانازییەوە سەیری دەکات و وەك فریادرەسێك لێی دەڕوانێت! راستە حیزبە کوردییەکان وێنەی پەرلەمان ودیموکراسی وهەڵبژاردنیان لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین ودزێو کردووە، بەڵام ناکرێت لەجیاتی ئەوەی هەوڵبدرێت رێز بۆ ئەو دەزگا نیششتمانیانە بگێڕدرێتەوە، لەرێگەی دادگایەکی بەناو فیدراڵییەوە هەوڵی سڕینەوەی بدرێت، پەرلەمان هەرچەندە خراپ بێت، وەك دەزگایەکی یاسادانانی کوردی بوونی لە نەبوونی باشترە، خەڵکی کوردستان دەبێت بیر لەوە بکاتەوە چۆن پەرلەمان کارابکاتەوە و رێزی لێبگرێت، نەوەك لە رقی یەکتر لە رەگەوە دەریبێنێت.

ئێستا لەپەنای یاساو سەرەوەری وچەتری یەکپارچەیی خاکی ئێراقدا، هەوڵدەدرێت دادگای فیدراڵی دژی هەموو خەونەکانی کورد بەکار بهێنرێت، دوای ئەوەی دەزگا نەتەوەییەکانیان هەڵوەشاندەوە، ئێستا لەپەنای هەمان ئەو چەمکە سواوانەوە ولەرێگەی ئەو دادگایەوە دەیانەوێت چەترێکی یاسایی بۆ گەڕاندنەوەی سوپای ئێراق ودواجار نەهێشتنی هەرێم بدۆزنەوە، بەتایبەتیش ئەگەر ئەوەمان زانی خەریکە هەڵوەشاندنەوەی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان لەرێگەی دادگای فیدراڵییەوە وەك مۆدێلێك بۆ بەهێزکردنەوەی ناوەندگەرایی سەرەتاکەی بەدیاردەکەوێت، وەك ئەوەی چەند رۆژێك لەمەوبەر لە هیندستان بینیمان، کە چۆن دادگای فیدراڵی ئەو وڵاتە ئۆتۆنۆمییەکەی کشمیری هەڵوەشاندەوە.

راستە خەڵکی هەرێم تووڕەیەو بە تەواوی خراوەتەوە نێو تۆڕێکی شەڕی دەروونی ترسناکەوە، وەك مشکی ناو تاقیگە تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت و رێگەنادرێت راستییەکان وەك خۆی ببینێت، بەڵکو دەیانەوێت راستییەکان وەك ئەوە ببینن، کە ئەوان دەیانەوێت وبۆیان دروست دەکرێت، جێگەی داخە ئەمەش بەنجی کردووەو توانای هەستکردنی لەدەستداوە، رەنگ بێت بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو هەنگاوانەی دادگای فیدراڵی بکات ووەك تۆڵە کردنەوەیەك بیبینێت لەو دەسەڵاتەی، کە قوتی رەوای خۆی پێنابینێت، ئەمەش ئەو ژێییەیە، کە بەوردی کاری لەسەر دەکرێت وبەردەوام زەمینە سازی بۆ دەکرێت، بەڵام کاتێك وشیار دەبێتەوە، ئەو کاتە تێدەگات، کە چی بەسەرهاتووەو چۆن هەموو شتێکی لەدەستداوە.

بەکورتی ئێستا دادگای فیدراڵی بۆئەوە ئامادە دەکرێت، کە بەبیانووی ئەو دۆخە سیاسی وئابوورییەی لەهەرێم دا هەیە، بەبیانووی سەپاندنی سەقامگیری وبەرگریکردن لە مافە رەواکانی خەڵکی هەرێم! لەرووی یاساییەوە هەرێم هەڵبوەشێنێتەوە شەرعیەتی یاسایی بەنەمانی هەرێم بدات، بۆ ئەم هەنگاوەش دەکرێت ئەگەر ئەوە بێنینە بەرچاو، کە لەساڵی ئایندە چەند سیناریۆیەك بۆ تەقینەوەی جەماوەری ساز بکرێت وبکرێتە بیانگەیەك بۆ دەستتێوەردانی سوپا، کە بەدرێژایی سنوورەکانی هەرێم سەنگەری گرتووە!.

کە دەتوانین ئەمەش بۆ کورد بەگەورەترین کارەساتی سەدەی بیست ویەك ناو بنێن، بۆیە بەرلەوەی رووبدات، پێویستە بەرەنگاری ببینەوە رێگەی پێبگرین، دەبێت خەڵکی کوردستان بە دەسەڵات وئۆپۆزسیۆنەوە، واز لە دادگای فیدراڵی بێنن وچیتر ئەو دادگایە وەك چەترێك بۆ شەرعیەت وشاردنەوەی خیانەتەکانی خۆیان بەکارنەهێنن، کاتی ئەوە هاتووە رۆشنبیری کوردی رۆڵی گەورەی خۆی بگێڕێت ولەجیاتی ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری شەپۆڵەکەو لەگەڵ جوولەی شەپۆڵەکان بلەرێتەوە، رۆڵێکی رەسەنی خۆی لە پوچەڵکردنەوەی ئەو شەڕە دەروونییە ترسناکە بگێڕێت وراستەقینەی دۆخەکە و ئاکامەکانی، بە بەرپرسیارییەتیەوە بە خەڵکی هەرێم روونبکاتەوە.




لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی لەچاپدراوە.
2022

بەڕێزان، سێ بەرگی یەکەمی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیدا لە نوسینی دکتۆر کامەران مەنتک بەم زووانە بڵاو دەبێتەوەو دەکەوێتە بەردەست خوێنەران هیوادارم سوودیکی هەبێت وشایەنی ئەو هەموو ماندوبوونە بێت، کە بۆی تەرخانکراوە.

## (سروودی ئاڵا)

من نیشتمان لە رۆحمایە، بۆیە رەنگم رەنگی خاکە
نیشتمان لەناو دڵمایە، چاوەی ئەوینێکی پاکە
من نیشتمان لە خوێنمایە، وەکو ڕابردوومان سوورە
من نیشتمان لە چاومایە، تەماشام، پارچەیەک نوورە
کوردستان هەوێنی هەستمە، وەک داروبەردی شیرینە
کوردستان ئاوێنەی ناخمە، هێندەی چیاکان رەنگینە
کوردستان تەزووی خەیاڵمە، گیانم چرای رێی خەباتە
کوردستان ویردی سەر زارمە، هاوارم، بانگی نەجاتە
نەخشەی وڵات لە سنگمایە، هەناسەم چوار رەنگی گەرمە
مێشکم، بیری ئازادییە، کوردستان تاجی سەر سەرمە!


(باست حەمەغەریب)

ڕۆژی ٢٦ سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی( ١٧ دیسامبری ١٩٤٥ زایینی)، زیاتر لە دەهەزار هاونیشتمان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە. لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی نوێنەرانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕاست لەو شوێنەی کە دوو ڕۆژ پێشتر ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیان هێنابووە خوار، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. ئەو ئاڵایەی وێنەکەیم داناوە!



## (شەوی یەڵدا)

### باست حەمە غەریب



چەند ساتێکە و ئیدی پایز،
باری کۆچ ئەپێچێتەوە
شەو چەندە تار و درێژ بێت،
ڕۆژێکی نوێ هەر دێتەوە
ئەمشەو مەستانە پێکەوەین،
لەگەڵ مەی و نەی و نەوا
بە سۆزی گیان، بە کامی ڕۆح،
تیشک ئەدەین بە دڵی شەوا
بادە هەڵدەین، خەم بە بادەین،
ژین کاروانە و بەرێوەیە
ئەگەر مەستیی و شادی نەبێت،
گشت ڕۆژێکمان هاوشێوەیە
خانمی ڕەز ڕەنگی سوورە
جام لەسەر لێوان خومارە
مەیگێڕ بە ناز و خەندەوە،
چلچرای شەوانی تارە
زستان لە شەوی یەڵدا دا،
دێ و بارگەی زیوین دائەنێت
شەویش ئەڕوا و خۆرێکی نوێ،
سبەی بۆ ژین پێئەکەنێت.
(باست حەمەغەریب)

- لە کوردەواریدا شەوی یەڵدا، بە شەوی چلە ناسراوە.
- خانمی ڕەز، ترێ

## دوو هۆنراوە بۆ بەفرو ساڵی نوێ

### فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



### یەکەم: پروشەی بەفر

پروشەی کرد بەفری جوان
وا هاتەخوار لەئاسمان
سپی بەوێنەی لۆکە
دنیا بوو بە بەفرۆکە
ئەم دیمەنە چەندجوانە؟!
وێنەی ناخی ئاسمانە
پێدەکەنێ بەجوانی
بۆمناڵانی سلێمانی
دەبەخشێ خۆشی ژیان
بە مناڵانی کوردستان
ئای چەند شادوئاسودەین؟!
لە بەفرا یاری دەکەین
شێوەکاری بچکۆلەین
لەبەفر پەیکەر دەکەین
لاوەند لامان وەستاوە
لەم دیمەنە ڕاماوە !
بەئاپیادەکەی دەستی
تێکەڵ بەدنیای هەستی
زو زو وێنەمان دەگرێ
بۆیادگار هەڵیدەگرێ
++++++

### دووەم: ساڵی نوێ

سەری ساڵی تازەیە
لێومان پڕ لەخەندەیە
بۆیە شادو بەختیارین
سەرگەرمی بەزم ویارین
تەماشاکەن ئەم ناوە
بەگوڵی جوان ڕازاوە
مێزەلانی ڕەنگاو ڕەنگ
فوی تێکراوە بۆ ئاهەنگ
لەهەموو لا خۆشییە
سرودو گۆرانییە
دنیایەکی ڕازاوە
بۆئێمە سازکراوە
ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕین
پیرۆزبایی دەنێرین
بەسڵاوێکی بۆنخۆش
دەروونتان دێنینە جۆش.
ساڵی تازەپیرۆزبێ
پڕخەندەوخۆشی و ڕازبێ
هەموو ڕۆژێکی ساڵمان
پڕلەئاشتیبێت ماڵمان.

## ڕۆژژمێری زایینی

ڕۆژژمێری زایینی یان ڕۆژژمێری گریگۆری ڕۆژژمێرێکی بەکارهاتووە لە جیهانی ڕۆژاوا و زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا، و ئەم ڕۆژژمێرە بە زایینی ناسراوە لەبەرەوەی بە بڕوای هەفتەی لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا دانراوە، ٣١ی کانوونی یەکەم، کاتژمێر ١٢ی شەو (٠٠:٠٠)، ساتی گۆڕینەوەی ساڵی زایینییە بۆ ساڵێکی نوێ. ساڵی زایینی خولێکی زەوی بە دەوری خۆردا دەنوێنێت، کە نزیکەی ٣٦٥ ڕۆژ دەکات (بە تەواوی ٣٦٥،٢٤٢٥) ڕۆژە. هەروەها لە ڕۆژژمێری زایینیدا پەیوەندی لەنێوان ساڵ و وەرزەکاندا نییە.

زانای ئیتاڵی ئلیسیۆس لیلیۆس دای نا لە ساڵی ١٥٨١ وەک جێگرەوەیەک بۆ ڕۆژژمێری (یولیۆسی) کە بە ناوی یولیۆس قەیسەرەوە ناونرابوو، و ڕۆژژمێری زایینی نوێ بە گریگۆری ناو دەبرێت بە ناوی پاپا گریگۆریۆسی سێزدەیەم ( Pope Gregory XIII)، و سێ ڕۆژ جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆژژمێری یولیۆسی دێرینەدا لە ٤٠٠ ساڵدا.



سەرچاوە: ویکیپیدیا



# شەوی یەڵدا؛ درێژترین شەوی ساڵ لەچییەوە هاتووە؟

## شەنای فاتیح

لەگەڵ هاتنی وەرزی پایزو زستان رۆژگار کورت و شەوگار درێژ دەبێت، شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی کانوونی یەکەم کەبەرامبەرە بە ٣٠ی سەرماوەرز لەسەر یەکی بەفرانباری ساڵنامەی کوردی، شەوی نێوەندگیری پایزو زستانەو بەدرێژترین شەوی ساڵ دادەنرێت و ناونراوە (شەوی یەڵدا).

(شەوی یەڵدا) یان (شەوی چلە) ئەو شەوەیە کەتیایدا دەستپێکی زستان تیایدا روودەدات، لەکوردیدا وشەی یەڵدا زیاتر بەکاردێت، لەنیوەگۆی باکوری زەویداو لەجوگرافیای کوردستانی گەورەدا شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی کانوونی یەکەم درێژترین شەو دەبێت.

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان لەفەرهەنگی ئێراندا یەڵدا یان شەوی ژانویە شەوی لەدایکبوونی خۆشەویستی و بەزەییە، رۆژئاواییەکان لەگەڵ جەژنی کریسمسدا یەڵدایان پێکەوە گرێداوەو رۆمییەکان وشەی ناتالیسیان بۆ لەدایکبوون بەکارهێناوە.

مەسیحییەکانی سوریا وشەی یەڵدایان هێنایە ئێران و لەوکاتەوە وەک خۆی ماوەتەوە، هەروەها لەئاینی زەردەشتیشدا نەریتی درێژترین و تاریکترین شەوی ساڵ رۆژێکی ناخۆشی تایبەت بوو، پراکتیزەکانی ئەو رۆژەی ئێستا بە «شەب-ی چەللە/یەڵدا» ناسراوە لەبنەڕەتدا دابونەریتێک بوون کەمەبەست لێی پاراستنی مرۆڤەکان بوو لەخراپە.

سەبارەت بەشەوی یەڵدا هونەرمەند حەمید بانەیی، بەهاوڵاتی وت: ئەو بۆچوونانەی لەسەر مێژووی شەوی یەڵدا هەن جیاوازن و کەس نازانێت کامەیان راستە، بەڵام ئەوەی کەهەیە وشەی یەڵدا وشەیەکی سریانییە بەواتای لەدایکبوون دێت.

حەمید بانەیی وتیشی: یەڵدا زیاتر لەناو ئەو میللەتانەی لەم ناوچەیەدا دەژین، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی لەناوچە ساردەکان و ناوچە گەرمەکاندا دەژین گرنگی پێدەدرێت، کۆتا شەوی پایز بەتایبەت ئەو شەوەی دەبێتە ناوەند لەنێوان پایزو زستاندا لای هەندێک لەمیللەتان شەوێکی درێژ دەردەچێت، لای هەندێکی دیکەش وەک زەردەشتییەکان وەک شەوێکی تاریک باسی دەکەن.


«ئەوەی هەیە وەک پێوەرێکی زانستی درێژترین شەوی ساڵە بەتایبەت لای ئەو میللەتانەی لەنێوان ناوچە گەرم و ساردەکاندا دەژین واتە زستانیان ساردەو هاوینیان گەرمە، وەک میللەتانی چواردەوری ئێمەو میللەتی فارس کە لەو شەوەدا هەندێک چالاکی تایبەت بەخۆیان ئەنجامدەدەن. هونەرمەند حەمید بانەیی وای وت.

سەبارەت بەشەوی یەڵدا لەئەدەبیاتی کوردیدا حەمید بانەیی وتی: لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا شەوی یەڵدا باسکراوە وەک مەبەستێک بەتایبەت لەشیعری شاعیرە کلاسیکییەکاندا، یەکێک لەشیعرە مەشهورەکان شیعرەکەی نالییە کەدەڵێت:

شەوی یەڵدایە، یا دەیجوورە ئەم شەو
کەدیدەم دوورلە تۆ بێ نورە ئەمشەو
دڵم وەك حاکمی مەعزولە، قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو

بەپێی سەرچاوەکان لەکوردستان و ئێران و ئازەربایجان و ئەفغانستان و تاجیکستان و پاکستان و کوردانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا گرنگی بەشەوی یەڵدا دەدەن و ئەم بۆنەیە یەکێکە لەجەژن و بۆنە مێژووییە کۆنەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوبەشە لەنێوان نەتەوەکانی هیندو ئاری نەتەوەکانی میزۆپۆتامیا، خەڵک لەو شەوەدا لەلای یەک کۆدەبنەوەو بەخواردن و خواردنەوەو گۆرانی وتن و هەڵپەڕکێ شەوەکە تێدەپەڕینن.

سایتی هاوڵاتی



# شەوی یەڵدا

ئەوە شەوی یەلدایە قوربان
هاتوومە بەر قاپیی تۆ
داوایی پارانەوە دەکەم
لەم شەوە تاریکە درێژەدا
تەنها قاپیی تۆ شک ئەبەم قوربان
نەکەی بێنیاز بە جێم بهێڵیت
یانزە مانگیی دوورو درێژە قوربان
چاوەرێی ئەم شەوە دەکەم
هەرچی خۆزگەو ئاواتم هەیە قوربان
دامناوە لەم شەوەدا دیاریت بکەم
شەوێکەو ئەمشەو قوربان
بگە فریام ،نزاکانیی چەند وەختەم
قوربان ،قوربانی تەنها تۆیی دەکەم قوربان
ئەگەر بێتوو ئەم یەڵدایەم بۆ برەخسێت
ژیان دووبارە وەک شەوی ئەم زستانە
سپیی سپیی لە سەرپۆشەکەی دایکم بچێ
ئەوا بۆ یەڵدایەکیتر قوربان
لەبەر قاپی رەحمەتدا دەمرم
بۆ شەوێکی ساردی زیوینی یەڵدایی
هەندێ پارچە شعری خۆم
لەگەل تەرمەکەی خۆمدا پێشکەش دەکەم
قوربانی تۆبم قوربان نەکەیی
لەم پارانەوەیەمدا لەبەر
خەرمانەی مانگ وتریسکەی ئەستێرە
دانیشتوم لەسەر ئەژنۆ
بۆ پارچە زیوێکی ئەم یەلدایەم
پارانەوم لێ قبول بکە
قەستەم بەو کەسەی گیانمی بەدەستە
وە ئەوکەسەی لەخۆمم خۆشتر دەوێت
بۆ ئەمشەوە شیرینی وهەندێ جەرەساتم
هێناوە هەتا بیکەم بەدیاری ئەوکەسەی
کەچەند وەختە نەماوە
بۆ ئەم پاڕنەوەیەم تەنها
ئەم شەوەم لامەبەستە
چونکە درێژترین شەوە
بۆمن کاتێکی زۆر گونجاوە

سارا رەشید ئەفەندی
چرا تیڤی

# شەوی چلە

ستارە عارف



شەوی چلە دوا شەوی مانگی سەرماوەرز و یەکەم شەوی مانگی بەفرانبارە و درێژترین شەوی ساڵە بەپێی ساڵنامەی کوردی، ناوی مانگە کوردییەکان چەند جوان و نازدار و چەند چێژ بەخشن، شەوی چلە لەناو کورد دا بە بایەخ و گرنگە، لەمێژوی کۆنی کورددا و بەپێی ئایینی ڕاستەقینەی کوردی(یارسان و ئێزیدی و زەردەشتی و کاکەیی و باوەڕی مێترایی)، کە ئەم ناوانە هەمویان سەرچاوەکەیان یەکە و گوزارشت لەیەک ئایین و باوەڕی کوردەواری دەکەن، بەڵام بەهۆی داگیرکاری و هێرشە بەردەوامەکانی دوژمنانەوە لەمێژوەوە تا هەنوکە بۆ سەر کورد و ناسنامە و باوەڕداریی و ئایینەکەی ڕوبەڕوی لێکترازان و گۆڕینی ناو و ناونیشان بونەتەوە.

شەوی چلە بۆیە لەناو نەتەوەی کورددا شوێن بایەخ و سەرەکی بوە و وەک جەژن پیرۆز کراوە و دەکرێت و میللەت تا بەیانی شەوارەیان گرتوە، چونکە کورد نەتەوەیەکی سروشت دۆستە و باوەڕە ئاینیەکەی پشتی بە سروشت و خۆر و ڕوناکی بەستوە و هەمیشە گۆڕانکاری وەرز و خۆزا و هەتاو لای کورد پیرۆز و سەرەکی بون و شێوەی کەسایەتی و ڕوداو و بەسەرهاتەکانیان لەو خولگەیەدا و بەو پێیە پێوانە کردوە و لێکداوەتەوە.

کورد لەبەرئەوەی لەسەرەتای دروستبونییەوە سروشتیانە ژیاوە و لەناوچەی کەوانەی بەپیتدا واتە میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و لەپێواژۆی ژنسالارییەوە و یەزدانەکانی ژندا پشتی بە سەرچاوەکانی سروشت بەستوە و خۆی پێ ژیاندوە و خۆری پەرستوە و هەر گۆڕانێکی سروشتی و وەرز بۆ ئەو نیشانەی زیندوبون و دەلالەتی ژیانی بەخشیوە، ئەو کلتورە کۆنەی سەردەمی نۆئۆلۆتیک لەناو کورددا وەک شوناس ماوەتەوە، بەڵام لەئەنجامی داگیرکردنی کورد و دابەشکردنی کوردستان و سەد ساڵ جینۆساید و تواندنەوەی کلتوری و لەناوبردنی باوەڕداری و زمان و ناسنامەکەی و کوشتنی هەمیشەیی فیزیکی و ڕۆحی لەلایەن وڵاتانی داگیرکار و تەماعکاری عەرەب و تورک و فارسەوە، زۆر لەبایەخی نەریت و ناسنامەکەی کەمکراوەتەوە و زۆر فەرهەنگی کوردی لەناو چون و توێنراونەتەوە یان تێکەڵ بە نەریتی ڤێزەونی بیابانی عەرەب و ئەوانیتر کراون، وەک چۆن پەرتوک و پەرتوکخانەکانی هەمیشە سوتێنراون بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی بتوێننەوە. یان بە جۆرێکیتر کلتور و فەرهەنگی کوردی لەو سەرەتاییەوە دزراوە و بۆ وڵاتانی تر گوێزراونەتەوە، بۆیە زۆر جار باس لەوە دەکەین یان دەکەوێتە بەرچاومان، کە زۆر دابی وڵاتانیتر لەکورد دەچن، نمونە شەوی چلە و باوەڕداری مێترایی و زەردەشتی وەک داب و باوەڕی کورد لەلایەن فارسەوە براون و بە چەشنی ناسنامەی فارسی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە شەوی چلە ساڵانە پیرۆز دەکەن وەک نەریتێکی ئێرانی لێیدەڕوانن نەک کوردی، هەر لەبەرئەوەی فارس بە نەریتی خۆی دەزانێت و پیرۆزی دەکات بۆیە کوردیش لەوێ پیرۆزی دەکەن، چونکە زۆرینەی ناسنامە و فەرهەنگی ڕەسەن و بنەڕەتی کوردی لەلایەن ئەو وڵاتە داگیرکارانەوە دزراون و کوردیش خۆی لەو تەماعکارییە کەم بە ئاگایە، لەساڵی ڕابردویشدا، ساڵی٢٠٢٢ شەوی چلە لەیونسکۆ وەک فەرهەنگێکی ئێرانی لەلایەن ئێرانەوە تۆمار کرا.




بۆ نمونە یەزدانەی ژن لەناو کورددا هەبوە، چونکە ژن لەلای کورد ڕێز لێگیراو و خاوەن بڕیار بوە، ئەو کلتوری یەزدانی ئەستێرە و پاشان گۆڕینی ناوەکە لەکوردییەوە بە عەشتار و ڤینۆسی یۆنانیش گەیشتوە، بەهەمان شێوە باوەڕی مێترایی و ئایینی یارسان و زەردەشتی وەک باوەڕ و فەرهەنگ ئێستا بونەتە موڵکی وڵاتانی سەردەستی جیهان یان وڵاتانی داگیرکاری کورد، یان بە جۆرێکیتر لەلایەن وڵاتانی عەرەبی عێراق و تورک و فارسەوە شێوێنراوە و ناو و ناتۆرەی ناپەسندیان بۆ فەرهەنگە ڕەسەنەکەی کورد داتاشیوە و بە تۆپزی کورد بە موسڵمان کراوە و نەریتی پاشڤەڕۆ و ڤێزەونی بیابانی عەرەبیان بەسەردا سەپاندوە.

بۆیە شەوی چلە یان جەژنی چلە و بەرات و جەژنی نەورۆز زۆریتر فەرهەنگی ڕەسەن و سەرەکی و ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردن و گوزارەن لەسروشت دۆستی و خۆر ویستی و جوانپەرستی و سەرکەوتنی ڕوناکی بەسەر تاریکیدا و شکۆمەندی و نزیکی کورد لەڕەسەنایەتی و ڕوناکییەوە، لەمێژوی هەرە کۆنی کوردییەوە هەسارە و ئەستێرەناسی و گەردونناسی لای کورد پەسەند و کارپێکراو بون، شارستانییەت و ژیاری سۆمەرییەکان بنەڕەتییان بەگوێرەی سەرچاوەکان کوردن و کوردیین، کە ئێستا بە ناوی ئەکەدی و بابل و هتد عەرەبی بیابانی عێراق بەهۆی سەردەستی و زاڵمییانەوە بەسەر کورددا لەکوردیان دزیوە و بە ناوی عەرەبەوە بەیت و باڵۆرەی بە باڵا هەڵدەڵێن.

وەک چۆن تا ئەمڕۆیش عەرەب و تورک و فارس لەدزینی زمانی کوردی و هونەر و مۆزیکمان بەردەوامن و بە ناوی خۆیانەوە ڕەواجی بۆ پەیدا دەکەن، بە داخەوە کوردیش هێندە ژێر دەستە کراوە و چەوسێنراوەتەوە، کە زۆرجار خۆمان وشە و ڕستە و دەستەواژە و زمان و فەرهەنگمان دەکەین بە موڵکی ئەوان و بە کلتوری عەرەب و فارس و تورکی لەقەڵەم دەدەین و خیانەت لەخۆمان دەکەین.

شەوی چلە لای میترایییەکان پیرۆزە باوەڕداری میتراییش کوردن و کوردیین و زۆر لەلێکۆڵەرەوان شەوی چلە بە شەوی لەدایکبونی میترا ناو دەبەن، هەڵبژاردنی میوە ئەو میوانەی شەوی چلە لەلای کورد بێ مەرامەت نییە و هەر یەکە و دەلالەتێکی گرنگی هەیە و لەفەلسەفەی زەردەشتییدا، کە ڕوناکی هەمیشە بەسەر تاریکیدا سەردەکەوێت و خۆر و ئاوهەوا و خاک و ڕوناکی لەپڕەنسیپە گرنگەکانن، کە کوردیان لەسەر بونیاد نراوە و ڕەگی مێژویی و کلتوری لەڕەچەڵەکماندا داکوتاوە، سەرەتایی داگیرکردن و جینۆسایدی کورد بە پلەی یەکەم بۆ ناسنامە نەتەوەیی و فەلسەفە و باوەڕدارییەکەی لەمێژودا دەگەڕێتەوە.

لەبەرئەوە زۆر گرنگە کورد بۆ کلتور و فەرهەنگی ڕاستەقینەی خۆی بگەڕێتەوە و ناسنامە و شوناسەکەی زیندو بکاتەوە و بایەخی پێبدات، ڕزگاری کورد لەدەستی عەرەب و بە عەرەبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردن و ستەمکاری ئەو وڵاتانە بە گەڕانەوە و زیندوکردنەوەی فەرهەنگەکەی دەست پێدەکات..

سایتی ئاوێنە






# ڕۆژئاوای کوردستان؛ هیوای کورد و نمونەیەکی واقیعی لە پێکەوەژیانی دیموکراسییانەی گەلان

## زەمەن_کوردستانی/ زمناکۆ خەسرەو

ئەورۆ، ١٢ی ١٢ی ٢٠٢٣، ڕۆژئاوای کوردستان دەستووری خۆڕێبەریی ڕۆژئاوای پەسند کرد. کاتەك لە سەرەتای دەیەی ڕابردوو شۆڕشەکانی بەهاری عارەبی دەستیان پێکرد، لە ٢٠١١ سەرهەڵدانەکانی ناو سوریاش دەستیان پێکرد. لە هاوینی ٢٠١٢، خۆڕێبەری (ئۆتۆنۆمی)ی ڕۆژئاوا ڕاگەیاندرا. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاوا، هەر لە سەرەتاوە، خواست و ئامانج و پلانی دامەزراندنی بناغەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردن و تەنانەت دەوڵەت وجودیان هەبوو، لۆیێ، ڕێك ساڵێك پاش ئەوە، لە ٢٠١٣ لێژنەی نووسینی دەستووریان ڕاگەیاند. ئەورۆیش، پاش دە ساڵ لە کارکردن و دەیان کۆبوونەوە، دەستوورەکەیان پەسند کرد.

بەپەلە گەڕام دەستوورەکە بخوێنمەوە. نووسخەیەکی ئینگلیزیم دیتەوە. سەرپێی چاوەکەم لە ماددەکانی دا. (ئاشکرایە کە پسپۆڕی و شارەزاییم لە یاسا و دەستووردا نییە)، کاتەك تەماشای ماددەکانی ١ تا ٤٤ دەکەین، لەوێندەر ئەوە دەبینین کە مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی ڕەگەزی، یەکسانی ژن و پیاو، مافی زمان و پارێزگاریلێکردن، بەیکەوەژیانی گەلان، ئازادی، ئازادیی نووسین و قسەکردن، ئازادیی ئایین، و تەنانەت مافەکانی ژینگەیش تێیدا پارێزراون. ئەو دەستوورە دان بە هەموو نەتەوە، زمان، گەلان، و کەلتوورێکی ناو ڕۆژئاوا دەنێ. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بە زمانی داکی خۆی بخوێنێ. ئەوەش گرنگە لۆ ئاخێوەرانی زمانی کوردیی ئەوێندەر.

ئەنگۆ دیقەت بدەن، ڕۆژئاوای کوردستان پشکی لە بودجەی سوریادا نییە، بەڵام بەداهاتی قنیات و کەمی ناوخۆی خۆیان، خۆیان بەڕێوە دەبەن. نە کێشەی مووچەیان هەیە، نەیش نەهاتنی بودجەی دیمەشق.

گرنگیی ڕۆژئاوا

بەندە، لە ماوەی تەمەنی ڕۆژئاوای کوردستان، لە دەیان وتاری شیکاریدا، پرسی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستانم شی کردیتەوە. دڵخۆشم کە دەبینم ڕۆژئاوا لەسەر ڕێگە درووست و ڕاستەکەیە. لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا گرنگیی بە ژێرخان و بناغەی ئیدارە و سیستەمی بەڕێوەبردن دەدا، لۆیێ، ئەردۆگان وەکی گای ئیسپانی هار بووە و خین بەری چاوی گرتییە. ئەوەی لەو قۆناغە گرنگە ئەوەیە کە چلۆن سەردارانی ڕۆژئاوا پارێزگاری لە سەربەخۆیی و دەستوورەکەیان بکەن کە بەرهەمی خوێنی خۆیانە. لێرەدا دەبێ چۆنییەتیی تەماعولکردن لەگەر ئەمریکا، ڕوسیا، ئێران، سوریا، تورکیا، وڵاتانی دیکە، و تەنانەت داعشیش بەوردی دیراسە بکرێ. بێگومان مانەوە و گەشەکردنی ڕۆژئاوا، لەسەر ئەو ڕێیەی لەسەری دەڕوا، کاریگەریی بەرچاو و ئەرێنی دەبێ لەسەر کۆی پرسی کورد، لە هەرچار پارچەی کوردستان.

گرنگیی دەستوور

لە ئەمریکا، لۆ نمونە، سەربەخۆیی لە ١٧٧٦ ڕاگەیێندرا. ساڵێك پاش هەنگێنێ دەستووریان نووسییەوە و ساڵی پاشتریش، کە ساڵی ١٧٧٨ بوو، دەستوورەکە پەسند کرا. دەستوور بناغە و هێز و سەربەخۆیی و ڕێکخستنە. تەماشای دەوڵەتی ئێستا عێراقێ بکەن، بەهۆی ئەو دەستوورەی کە لە ٢٠٠٥ نووراپتەوە، هێز و دەسەڵاتی ناوەند، هەرێمی کوردستانی پێ لە پەلوپۆ خستییە. لە هەر بارودۆخ و حالەتێك بیانەوێ دژی هەرێمی کوردستان بەکاری بهێنن، درێخی لێ ناکەن.

ئەدی لە باشوور؟

بەداخەوە، پشتی سی و دوو (٣٢) ساڵان لە هەبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەبوونی فیدراڵیش لە ٢٠٠٥ وە، تا ئێستا باشوور دەستووری نییە. ئەوەی لە باشوور هەیە، کەڵەگایی و حاکمییەتیی زۆرینەی پارتییە کە هەندێك یاسا، کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکەی سەرپەرشە، لە پەرلەمانی کوردستان، پەسند کرایە. بەهۆی ئەو یاسایانەوە، دەیان جوامێری وەکوو شێروان شێروانێ لە حەپسێ کرایە و پێی سزا درایە. ئێستا، پاش ٣٢ ساڵان، حکومەتەکەی باشوور چاوی لە داهاتی بەغدایە تاوەکوو فەرمانبەرانی پێ بەخێو بکا. لەو ماوە درێژەدا، باشوور نە توانیویەتی سیستەمەکی خۆڕێبەریی و خۆبەخێوکەریی ئابووری هەبێ، نەیش دەستوورێك کە ڕێز لە مافی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادیی هەمووان، بێ جیاوازی، بگرێ! لەبەرچی؟


پەسندکردنی دەستووری ڕۆژئاوای کوردستان لە کورد پیرۆز بێ! ڕۆژئاوای کوردستانم وەکوو جگەرگۆشەی خۆم خۆش دەوێ. ئەوە خۆستاییشکردن نییە، بەڵام هیوادارم ڕۆژەك لە ڕۆژان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە زانست و پسپۆڕییەکانم خزمەت بکەم!

سایتی زەمەن

# ڕۆژاوای کوردستان پارچەیەکی کوردستان


ڕۆژئاوای کوردستان یان کوردستانی سووریا یان کوردستانی ڕۆژئاوا، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ناودەبرێ تەنها بە ڕۆژاڤا واتە ڕۆژئاوا لە شێوەزاری کوردیی ناوەندیدا، هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی نایاساییە (واتە بە شێوازێکی فەرمی یاساییبوونی لە لایەن حکوومەتی سووریاوە پشتراست نەکراوەتەوە)، لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. کوردستانی سووریا بەشێکە لەو ناوچە جوگرافییە گەورەترەی کە بە کوردستان ناسراوە. دانیشتووانی کوردستانی سووریا بە شێوەیەکی سەرەکی لە کورد پێکدێن. زۆربەی خاکی کوردستانی سووریا کۆنترۆڵکراوە لە لایەن (ولاتپارێز) شەرڤانە کوردییەکانەوە لە ٢٠١٢وە وەک بەشێ لە وێنە گەورەکە کە شەڕی ناوخۆی سووریایە. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا، نوێنەرانی کورد، عەرەب، ئاشوورییە مەسیحییەکان و کەمینە بچووکەکانی تر ئەم حکوومەتە نایاسایییەیان ڕاگەیاند لە هەرێمەکەدا.

ویکیپیدیا




نەخشەی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان بە خەملێنراوی بە بەپشتبەستن بە ئەوناوچانەی کە کورد تێیدا چڕبۆتەوە و دابەشبونی ئیداری ئەو ناوچانە

# کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان، قسەیەک لە دوای روداو!



## د. بورهان یاسین

راستییەکەی، لەبەر هەندێک هۆ، پۆستێکی تایبەتی خۆمم دەربارەی کەرکوک و ناوچە "دابڕێنراوەکان" نەبوە، بەڵام ئێرە بە جێگایەکی گونجاو دەزانم چەند وشەیەک لەم بارەیەوە بنوسم.

جارێ سەرەتا، بە گشتی، پشتگیری خۆم بۆ ئەو بەڕێزانە رادەگەیەنم کە، بەهۆی هەستکردن بە گرنگیی رەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی پرسەکە، پشتگیری خۆیان، بە شێوەیەک یا شێوەیەکی دیکە، لە هاندانی کوردان لە ناوچە دابڕێنراوەکان، بە تایبەتی کەرکوک، راگەیاندوە. ئەم هەڵوێستانە بە گشتی رەنگدانەوەی هەستکردن بە کوردستانیبونێکی راستەقینە و کوردبون، دور لە هەمو تێبینی و سەرنجێک لەسەر دەسەڵاتی ناشیرینی کوردی لە هەرێمی کوردستان، هانی داون هەر یەک لای خۆیەوە چەند وشەیەک لەم بارەیەوە بنوسێ، دەستیان خۆش بێت.

لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆچونی خۆم، لە قاڵبێکی کەمێک فراوانتردا، بخەمە رو:

١) زۆرێک کە پێیان ناخۆش بو خەڵک هان بدرێن برۆن بۆ دەنگدان، بەهانەی فەرمانڕەوایی خەراپی پارتی و یەکێتییان هێناوەتەوە. . . ئەو خەراپییە زۆر راستە، بە زیادیشەوە راستە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە حزب و دەسەڵات شتی کاتی و زائیلن، ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنانەت "ئەزەلییشە"، خاک و نەتەوەیە! دەنگەکانی دوێنێ بۆ خاک و نەتەوە بون، نەک بۆ حزب؛

٢) ئەمە ٢٠ ساڵە تەنها یەک جار (٢٠٠٥) هەڵبژاردن لە کەرکوک کراوە. بۆ؟ زۆرینەی عەرەبی لە عێراق، ئەو زۆرینەیەی هەرزو رو لە کورد، بو بە "زۆرینەی ستەمکار"، رێگر بوە. . . لەبەر ئەوە رەوایە بپرسین دوای ئەم هەڵبژاردنەوەی دوێنێ دەبێ کورد چەند ساڵی دیکە چاوەڕێ بکا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەرفەتی دەنگدان بێتەوە لە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان. . . لە سیاسەتدا خەراپترین کە بەسەر مرۆڤ بێت ئەوەیە کە لە بڕیارێک یا هەڵوێستێک پەشیمان بێتەوە، چونکە زوتر وە لە کاتی پێویستدا تێگەیشتنی راست و دروستی نەبوە، لە بری ئەوەی روداو وەک دەرفەت ببینێ وەک کێشەی دیوە. . . باشترین شتیش ئەوەیە لە دەرفەت بگەیت و هەوڵ بدەیت تا ئەوپەڕی سودمەند بیت لەو دەرفەتە. . . ئەنشتاین قسەیەکی جوانی هەیە، دەڵێ: کاتژمێر لە دەرەوەی روداو کاتژمێر حسێب نییە. . . لە راستیدا دوێنێ لە کەرکوک و ناوچە دابڕێنراوەکان ئەوانە حسێب بون "کە دەنگیاندا". دوای چەند ساڵێکی دیکە پەشیمانبونەوە لەوەی کورد وەک پێویست حزوری نەبوە لە دەنگدانی پارێزگاکان، کەڵکی هیچی نییە!؛

٣) لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزم، نیشتمانسازی و ، نەتەوەسازیدا دو شت چەقی دیسکۆرسن: نیشتمان و خەڵک. . . زۆر گرنگە ئەوە بڵێین، کە مرۆڤ دەتوانێ بێ حزب بێ، بێ سەرکردەیەکی دیاریکراو بێ چالاکی بێت لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی و بێ. . . هتد بێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێ بێ نیشتمان بێت. بۆ ئەوانەی نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت، گرنگە پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە چی دەبێت با ببێت، بەڵام نابێ دەسەڵاتێک، حزبێک، سەرکردەیەک یا جوڵانەوەیەکی سیاسی خەراپ ببێ بە رێگر لە نێوان "مرۆڤ و نیشتمان". مرۆڤ دەتوانێ بێ زۆر شت بێ، بەڵام بێ نیشتمانیبون واتای نەبونی بەهایەکە، کە هەرگیز جێگرەوەی نییە! نیشتمانی من ماڵی منە، هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ بێ ماڵی خۆی بێت! لە راستیدا ناوانی نیشتمانیش بە وڵاتی دایک یا باوک، بەتایبەتی یەکەمیان زیاتر لە مانایەک دەبەخشێ، وەک شتێک کە ئەستەمە جێگرەوەی هەبێت!؛

٤) ئەوانەی دوێنێ دەنگیان دا هەوڵیان دا ویژدانی خۆیان بکەن بە دادوەر و ئەرکی هەنوکەیی نیشتمانی، مرۆیی، ئەخلاقی و تەنانەت ئایینی خۆشیان بەجێ بگەیەنن بە تایبەتی بەرامبەر بە نەوەی داهاتو. لە راستیدا لە ناو ئەو دەنگدەرانەدا تەنانەت خەڵکانێکی زۆر هەن کە نەک هەر سەرنجیان لەسەر حزبەکەی خۆیان هەیە، بەڵکو تەنانەت لە سیاسەتی حزبەکەی خۆشیان بێزارن، بەڵام کە دەنگیان داوە زیاتر بۆ نیشتمان و یەکلاکردنەوەی چارەنوسەکەی دەنگیان داوە!؛

٥) هەڵەیەکی مێژویی گەورە بو کە کاتی خۆی بەرپرسانی کورد، بە تایبەتی ئەوانەی کەرکوکیان بە قودس و دڵی کوردستان دەزانی، کە ماوەیەکی زۆر لە بەغداد مانەوە و خەریکی نوسینەوەی دەستور بون، ئەوەیان قەبوڵ کرد کە، کەم یا زۆر، نیوەی خاکی کوردستان بخەنە "یا نسیبەوە" وە چارەنوسی بسپێرێن بە دوا رۆژێکی نادیار، یا راستتر بڵێین بسپێرن بە خواست و بڕیاری زۆرینەی ستەمکاری نەتەوەی سەردەست، کە لە راستیدا بەندە هەر یەکسەر لە دوای روخانی رژێمی بەعس هەمو لایەکم لە کاریسەی سپاردنی چارەنوسی کورد و پرسە رەواکەی بە خواست و بڕیاری "زۆرینەی ستەمکار" ئاگادارکردۆتەوە. . . زۆر بە راشکاوی بە دڵسۆزانە دەڵێم، ئەمڕۆ ١٨ ساڵ دوای نوسینەوەی دەستور نەک هەر کەرکوک، بەڵکو هەولێر و شارەکانی تریش، لە قوڵایی کوردستان لە مەترسی بەعەرەبکردنداندن. لە دوای کەوتنی رژێم لە ٢٠٠٣وە زیاتر لە ملیۆنێک عەرەب هاتونەتە هەرێمی کوردستان، نەک هەر لەوێ دەژین بەڵکو موڵک و جێگای نیشتەجێبونییان کڕیوە. لەمانە زیاتر ٣٠ هەزار مناڵیان لە هەرێمی کوردستان لە دایک بون و. . . هتد. بەڕێزان چۆنە ئەگەر بڵێم: ئەگەر شتێک نەکرێت، ئەوا دەکرێ بۆ ٢٠ یا ٢٥ ساڵی تر، بەڵکو زوتریش، خودی هەولێر ببێ بە "ناوچەی ناکۆکی لەسەر". دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکی زۆر لەو باڵاخانانەی کە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک بە ئاسماندا بەرزدەکرێنەوە و بەشێکی باشیش لە کڕیاری "شوقەکانی" ئەم باڵاخانانە عەرەبن، لە راستیدا هی کۆمپانیاکانی دو حزبی دەسەڵاتدارن، هی دەسەڵاتدارە چاوچنۆکەکان کە دەستێکیان لە قوڵایی سیاسەتێکی نانیشتمانییانە و دەسەڵاتێکی ناشیرینیدایە وە دەستێکی دیکەشیان لە قوڵایی چاڵاکیی "ئابوری رەش"دایە. . . کەواتە بە یەکەوەگرێدانی تراژیدیای ناوچە دابڕێنراوەکان وە ئەوەشی لە قوڵایی هەرێمی کوردستاندا رو دەدات نەک هەر لە روی زانستییەوە دروست و لۆژیکییە، بەڵکو لە روی سیاسیشەوە هەنوکەیی و پێویستە!؛

٦) ئەوە ئاشکرایە کە یەکێک لە روداوە گەورە و کاریگەرەکانی مێژوی جیهانی رۆژئاوا ریفۆرمی دینییە لە بەشی یەکەمی سەدەی ١٦دا، کە هەڵبەتە رابەرەکەی مارتن لۆتەرە. سەرهەڵدەدات. لۆتەر پێی وابو ئیدی باوەڕ بون بە خودا و نزیکبونەوە لێی پێویستی بە "ناوەندگیری" و یارمەتی کەسایەتی ئاینی (رجال دین) نییە، بەڵکو مرۆڤەکان خۆیان و یەکسەر بە باوەڕی قوڵی خۆیان، بەبێ ئەوەی پێویست بە ناوەندگیر بکات، دەتوانن لە خوا نزیکببنەوە. لە راستیدا لۆتەر تەنانەت پێی وابو ئەم رجال دینانە، کە لە زۆر رووەوە گەندەڵ بون، رێگری راستەقینە بون لەبەردەم کەسەکان بۆ ئەوەی دەستیان بە خوا بگات، بە واتای گەیشتن بە پلەی هەرە بەرزی باوەڕ و ئیمان. . . لێرەوە دەڵێم کاریسەی هەرە گەورە بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە رێگا بدەین گەندەڵی و ناشیرینی حزبەکانی دەسەڵات و شکستی دەسەڵات و ناکارامەیی و ناشیرینی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتداران ببێ بە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد دەستی نەگات بەو رادەیە لە هەستی نیشتمانپەروەری و کوردبون، کە لە راستیدا هەم بۆ مانەوەی خۆی پێویستن وە هەمیش بۆ مانەوە و لەسەر پێ وەستانی، نیشتمان، نەتەوە و پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانی. تەندروستبون و بەهێزیی ئەم جەدەلی بون و مانەوەی تاکێکی باوەڕ بو بە نیشتمان و نەتەوەی خۆی لە لایەکەوە، وە لە لایەکی ترەوە نیشتمانێک کە جێگەی هەموانی تیادا دەبێتەوە و پێناسەیەک لە نەتەوە دەکرێت کە هەم ئەوپەڕی لەخۆگر (inclusive) بێ و رێکخستنی فەزای نەتەوەش لەسەر بنەما هەرە مرۆیی و دیمۆکراتییەکان بێت،

ئەو دایەلەکتیکەیە کە زامنی ئەوەیە کە لە لایەک تاکێکی نیشتمان پەروەر وە لە لایەکی ترەوە نیشتمانەکەی لەسەر پێ رادەگرێ. ئەوە ئەو جەدەلەیە کە بەردەوام پێویستی بە نوێبونەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەیە، مانەوەی هەر یەکێکیان بۆ ئەوەی تریان ژیاری و گەوهەرییە، سەلامەتی هیچ یەکێکیان بێ ئەوەی دیکەیان مومکین نییە. . بۆ هەمو ئەمەش مەرج نییە تاک پێویستی بە حزب و سەرکردە هەبێت!؛

٧) ئێستا لە باشوری کوردستان کورد بەرەورِوی سێ ئاست لە کێشەیە، هەڵبەتە لە ئاستی ناوخۆی عێراقدا: یەکەم لە ئاستی ناوخۆی هەرێم، بە تایبەتی کێشە پەیوەندیدارەکان بە ناکارامەیی و ناشیرینی دەسەلاتی سیاسی؛ دوەم کێشەی ناوچە دابرِێنراوەکان؛ سێهەم پەیوەندییە کێشەدارەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق. . . دەکرێ بڵێین، تەنانەت پێویستیشە ئەوە بڵێین، کە کورد لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ستراتیژێکی یەکبو هەیە بەلام بە سێ تاکتیکی جیاوەزەوە، کە هەر تاکتیکێکیان خەسلەت و میکانیزمی تایبەت بەخۆیان هەبێت. . . بەلام دەکرێ ئەم باسە زۆر زیاتر بخوازێ، لەبەر ئەوە، بە ئیزنی خۆتان، بۆ دەرفەتێکی هەڵیئەگرین؛

٨) جێگای خۆشحاڵیم بو کە بینیم چەند بەرِێزێک، ئەگەر ژمارەشیان زۆر کەم بێت، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە بە خەم و دڵسۆزییەوە لە مەسەلەی دەنگدانی دوێنێ، بە تایبەت رو لە دۆسیەی کەرکوک، قسەیان هەبو. هەر وەک لە کۆمێنتێکدا لەو پەیوەدنییەدا نوسیم، ئەمرِۆ کەرکوک، سبەینێ ورمێ و دوسبەی. . . هتد. ئەم جۆرە هەلوێست و دەنگانە تا زۆر بێ دیسان هەر کەمە: نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان دەوڵەتیان هەیە کە، وەک ئامرازی هەرە گەوهەری لە جیهانی مۆدێرندا، بە کاری دەبەن بۆ خۆنواندن، پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، مانەوە و بەرگری لە خۆیان، بەلام ئێمەی کورد ئەمەمان نییە! لەبەر ئەوەشە شەرِی مانەوەمان زۆر ناهاوسەنگە، بەلام تاکێکی نیشتمان پەروەر کە هەمو پانتایی نیشتمانی کوردان دەبینێ و بەرگری لە مانەوەی دەکات، لە ئێستادا تاکە زامنە بۆ ئەو مانەوەیە!

سایتی KNN

## (کەتیرە و کورسی)



نوێترین شیعری عەبدوڵا #پەشێو
من گەواهی دەدەم ئەوان
خاکی و سادەن، تەرکە دنیان
گەر بەوان بێ
هەر بە (گاڵ) و هەرزن دەژین
تورِەن بەوەی
ژێر زەمین و قاسە و باخەڵ
بە گەنجینەی قارون تەژین
تورِەن بەوەی
گرد و بنار، وەرد و بەیار
بە قودرەتی حەزرەتی فیل
بۆیان دەبنە مەزرا و تەلار
من گەواهی ئەوەش دەدەم گەورەکانمان
حەز لەچارەی #کورسی ناکەن
شل و کوت بوون
هێندەی کون بەکون لێ ی راکەن
بەلام چ بکەن
کورسی ئێمە وەتی هەن وان
منجرِترین مەخلوقی خوان
بەد رەفتار و بێ بەڵێنن
هەر کەتیرە دەدەڵێنن
بیژین لۆتین داوێن پیسن
پاشەڵ پەرست و نەگریسن
هیچ و پوچ و حەرام زادەن
قونێک بگرن بەری نادەن
--------

#پەشێو ٢٠١٦
کەتیرە و کورسی

# فەهمی بورهان: تەعریب کردن لە ناوچە کوردستانییە بەردەوامە

رۆژی چوارشەممە ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، فەهمی بورهان، سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە پانێلێک لەژێر ناونیشانی (کوردستانی بوونی کەرکووک لە نێوان تەعریبی کۆن و کاریگەری تەعریبی نوێدا) کرد، کە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی چەرمۆ لە چەمچەماڵ رێکخرابوو .

لە پانێلەکەدا فەهمی بورهان، بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی مێژوییەوە باسی لە کوردستانیی بوونی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە کرد و ئاماژەی بە شێوازەکانی تەعریب لەم ناوچانە کرد کە بەچەندین شێواز لە حکومەتە یەک لە دواییەکەکانی عێراق ئەو ناوچانە تەعریب کراون .

هەر لە پانێلەکەدا سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر تەعریبی نوێ و باسی لەوە کرد کە تەعریبکردن لەم ناوچانە هەر بەردەوامە، بەڵام بە شێوازێکی نوێ، ئەمەش بە مەترسییەکی گەورە دادەنرێ بۆ سەر ئەم ناوچانە.

لەلایەکی تر، سەرۆکی دەستە ئاماژەی بەرۆڵی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کرد لەم ناوچانە کە دەبێت هەمووان بەیەکەوە و بە یەک دەنگ کار بکەن لەپێناو نەهێشتنی ئەو و مەترسییانەی کە لەسەر خاک و نەتەوە لەم ناوچانەدا هەیە.

هەر لە پانێلەکەدا فەهمی بورهان گرنگی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی ڕوون کردەوە، بە تایبەت لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداری کردنی هاوڵاتییانی کوردی ئەوناچانە بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی وەسف کرد .

گۆڤ کورد





# زوو هەڵچون یا تورەیی لای ئیبن خەلدون


وەک باسی دەکات خواستی یا ئارەزوی هەلچون لای مرۆڤ ابن خەلدون دەربارەی هەڵچون یا تورەبون دا باس لەوە دەکات هەڵچون دیارەیەکی سروشتیە هەر لەبونیەوە لەمرۆڤ دا هەیە،ئەوەش لەئەنجامی رەچەلەک و خزمایەتیەوە لەپلەی نزیکی ویادوری یا بەهێزی یا کزی و هەندێ جاریش چوارچیوەی خزمایەتی و بەرتەسکی خێزان تێدەپەرێنێ پلەی رەچەلەک تا ئاستی عەشیرەتی وئەوکاتە پێی دەگوترێ دەمارگیری هۆزگەرایەتی ...

زوو هەڵچون یا تورەبون لای ئین خەلدون

لەبیری ئین خەلدون ئاماژەیە بۆ چەمکێکی گرنگ لەزانستی کۆمەڵناسی و مێژوو دا لە کتێبی پێشەکی دا(مقدمة ابن خلدون)باسی دەکات کە لەسەدەی چواردەهەم زاینی نوسیویەتی ئاماژە بە لەناوچونی بەرە بەرەی ڕوح و چالاکی لە کۆمەڵگا دەکات بەپێی تێپەربونی کات... ئیبن خەلدون ئەم تیۆریەی وەک خولێکی ژیاری ئەژماردوە،ژیاریەکان بەپەیرەوی خولێکی سروشتی بەچوار قۆناغی سەرەکی دا تێدەپەرێت ئەویش قۆناغی هەڵچوون، گەشەکردن ، خاوبونەوە، کەوتنە .... هەڵچون قۆناغی یەکەمیەتی لەو قۆناغانە ،لێرەدا کۆمەلگا یەکگرتو بەهێز و هێزی حەماسەت وداهێنانی تیدا هەیە بەنمونە بەرپا بونی ڕاپەرین و خرۆشانی خەلک و دەرکردن وگرتنی دام ودەزگا حکومی و ئەمنیەکان ودواتر بەگوڕو تینێکەوە بەشداری کردن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم...بەلام بەتێپەر بونی ڕۆژگار جەماوەر ئەو گیانی بەرەنگاری و خرۆشانەی بەرە بەرە کەم بۆوە ئەویش بەهۆی نادادی و دزی وگەندەڵی و تالان کردنی سەروەت سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی و بۆ بەرژەوەندی بەرپرسان و بنەماڵەو کوڕو کەس وکاریان و بەتایبەت تر دوای شەرەکانی ناوخۆ و پاشکەوتی موچە و لێبڕین بۆیە کۆمەڵگاکەمان بەرەو دارمان و خراپبونی ژیان گوزەرانی ئەو گیانی بەرگری و خۆبەخشیەی لەدەست دا.ئەم چەمکی هەڵچون یا تورە بونە هاوشێوەی دابڕانی کۆمەڵگایە بۆیە کۆمەڵگا دابەش دەبێت لێکترازان ڕوودەدات لەکۆتایی دا توشی دارمانی ژیاری دەبێت.بەنمونە چۆن ئتستای خۆمان زۆربەی حیزب و لایەنەکان لەگەڵ یەک ناکۆکن و هەریەکە ئەجیندای بەرنامەی هێزیکی ئیقلیمی یا نێودەولەتی بەرێوەدەبات ئەم نایەکگرتویەی گەل داهاتویەکی خراپی بۆ گەل ونەتەوە دەبێت.

تیۆریەکەی ئیبن خەلدون دەربارەی هەڵچوون و رۆلی ژیاریەکان ڕێبازێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەگەشەکردنی کۆمەڵگا بەپێی سەردەمەکان و جێبەجێ کردنەکانی کۆمەڵناسی و مێژوو دا ...

**ئامادەکردنی عوسمان عومەر**




# فرۆکەی بێفرۆکەوان و ماددەی هۆشبەر

لەگەڵ پێشکەوتنی جیهانی تەکنۆلۆژیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەلام مرۆڤیش بێبەش نییە لەزیانی ئەو تەکنۆلۆژیانە ، بێگومان بواری فرۆکەوانی خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بەمرۆڤ کرد ،رێگەی چەندان مانگ و رۆژی کورت کردەوە بۆ چەند کاتژمێرێ، هەروەها گەیاندن و پەیوەندی کردن ئەویش کارئاسانیەکی بۆ مرۆڤ کردوە کە بەچەند چرکەیەک بتوانی پەیوەندی بەوپەری دونیاوە بکەیت بەلام لەهەمانکاتیش مۆبایلی زیرەک زیانگەینەرە بەمنال و هەندێجاریش بەبواری خێزانی و کۆمەلایەتیش ...لێرەدا باسەکەم دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای فرۆکەی بێفرۆکەوان کەتەکنۆلۆژییایەکی سەربازی کوشندە لەلایەن زۆر وولاتەوەو سەرکەوتنی لەبواری جەنگی ئۆکرانیا و تورکەکان بۆ تیرۆر کردنی گەریلا و چالاکوانەکانی پیکەکە .... لەئێستا ڕیکخراوە تاوانکاری وگروپە قاغچیەکانی ماددەی هۆشبەری پێ دەگوازنەوە ، ریکخراوە تیرۆریستیەکانیش چەک و چۆلی پێدەگوازنەوە لە سنورە نێو دەولەتیەکانەوە بۆ ناو وولاتانی دیکە...

لەهەندێ وولاتانی عەرەبی و دەولەتانی ئەوروپی کەوتونەتە بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایە بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر گرنگترینیان حەبی کبتاگۆن ئەوەش وەک تەحدایەک بۆ هێزە ئەمنیەکان...تاوانکاری مرۆڤ هەر بە تەکنۆلۆژیاوە نەوەستاوە بەلکو کۆتریشی گرتۆتەوە بۆنمونە لەئایاری ٢٠١٧ پیاوانی گومرگی کوەیتی لەسەر سنور کۆترێکی زاجلیان گرت کە ١٧٨ دەنکە حەبی هۆشبەری پێوە بەسترا بوو...لە ٢٨ی ئابی ئەمسال سوپای ئوردنی خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی ئاشکرا کردکە لەسوریاوە فریوە وەک ووتە بێژی سوپا ئاشکرای کرد کەئەوە سێهەم روداوی لەوجۆرەیە . لەشوباتی ئەمسالیش فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانی خستۆتە خوارەوە کە هەڵگری نارنجۆکی دەستی و چەک بووە...لە ٢٠ی ئەیلولی ٢٠١٨ دەسەڵاتدارانی کوەیت هاووڵاتیەکیان دەستگیر کرد بەتۆمەتی بەکارهێنانی فرۆکەی بێفرۆکەوان کە ٤ کگم ماددەی هۆشبەری دروستکراوی ئەمفیتامین و یەک کگم ماددەی حەشیش بەنیازبووە لەدەولەتێکی دراوسێوە ئەوەش لەلایەن تیمی دژە ماددەی هۆشبەرەوە ئاشکرا کرا.....

**٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**

**ئامادەکردنی عوسمان عومەر**













shari shad

بە بە خاوەنی خانوویەک
بە نرخی شوقەیەک


0770 201 1000
0770 301 1000
0751 181 4867

سلێمانی - قولەڕەیسی
نزیک زانکۆی کۆمار

www.tanupoholding.com






## بەخێربێن بۆ بەشی فرۆشتنی شاری شاد

ئێستا لە شاری شاد، ببە خاوەنی خانوویەک بە نرخی شوقەیەک.
ئەم شارە هەمیشە جوانترینی لێدێت و هەموو جێیەکی دڵگیرە و سەرنج دەباتەوە سەرخۆی.
ئێستا لە شاری شاد بە پێشەکی تەنها 5،000$ و قیستی 8 ساڵ دەبێتە خاوەنی خانوویەکی 200 مەتری کە کۆی گشتی نرخی خانوویەک تەنها 79،000$.
شاری شاد، ژیان لێرەوە دەستپێدەکات
بۆ زانیاری زیاتر سەردانی بەشی فرۆشتنمان بکەن یاخود پەیوەندی بکەن بە:
07702011000 یان 07703011000

---

حياتُكَ الحقيقية تبدأُ من هنا ، قُمْ بأختيار الأفضل على الإطلاق ، حياةٌ لا مثيلَ لها ، حياةٌ أفضل لكَ ولعائلتك ، مدينةٌ تُليقُ بها الجمالُ ،موقعٌ يتميز بأطلالاته الجذابة والمتميزة ، لقد صممْنا جميع نواحي الهيبة و الجمال في هذا الموقع الخلاب ، مناظِرنا الجميلة و الجذابة في مشروعنا (چوارچرا الجديدة) نُعيدُ بنائها وتصميمها في مدينة ( شارى شاد ) .

في هذا الموقع المذهل ،كُنْ مالكاً لوحدةٍ سكنية تبلغ مساحتها ٢٠٠ م ، بمقدم (٥٠٠٠ دولار ) وبأقساط شهرية بمقدار ( ٥٥٠ دولار) شهرياً ، في طبيعة هادئة و نقية وصافية ومساحاتٍ خضراء زاهية المتفاعلة مع تصاميمٍ معمارية مُعاصرة .

(شارى شادى) لحياةٍ سعيدة




بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ، یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/311499201191 8760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sharazwri@gmail.com 009647701961087